# سۆسیۆلۆژیا

## لای مارکس و ماکس ڤێبەر

د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن

# سۆسیۆلۆژیا
# لای مارکس و ماکس ڤێبەر

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

دانا مەلا حەسەن

سلێمانی- ٢٠٠٥

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (٦٣)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# سۆسیۆلۆژیا
# لای مارکس و ماکس ڤێبەر

نووسینی: د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن
وەرگێڕانی : دانا مەلا حەسەن

بابەت: فەلسەفە
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان
هەڵەچنی: وەرگێڕ
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
ژمارەی سپاردن : ١١٨ی ٢٠٠٥

**مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

www.sardam.info

# پێشکەشە بە

سەرجەم خوێندکارانی بەشی کۆمەڵناسی
لە زانکۆی سلێمانی

# بەشی یەکەم
# سۆسیۆلۆژیا لای کارل مارکس



## کورتەیەک لە ژیان و کارەکانی

کارل مارکس یەکێکە لەو سۆسیۆلۆژیستە ناسراوانەی ئەڵمانیا کە شتگەلێکی زۆری بەخشی بە پەرەسەندن و گەشەکردنی سۆسیۆلۆژیا و وەرچەرخانی لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و فەلسەفییەوە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بابەتی خاوەن شێواز و میتۆدو ئامانجێکی ڕون و ئاشکرا. مارکس لە ئەڵمانیا و لە ساڵی (١٨١٨) لە خێزانێکی مامناوەند هاتۆتە دونیا، باوکی پارێزەر بوو بەڵام دایکی خوێندەوارییەکی کەمی هەبوو بەڵام حەزیدەکرد کوڕەکەی خوێندن تەواو بکات(١). باوکی حەزی دەکرد کوڕەکەی پسپۆڕی لە لێکۆڵینەوەی یاسا و پارێزەریدا بەدەست بهێنێت، بەڵام مارکس حەزی لەخوێندنی یاسا نەبوو بەڵکو حەزی لەخوێندنی فەلسەفە و مێژوو بوو، وە زۆرکاریگەربوو بەفەلسەفەی ئەڵمانی ئایدیالی بەگشتی و فەلسەفەی هیگڵی بەتایبەتی. کارل مارکس خوێندنی لە زانکۆی بەرلین تەواو کرد و بەکالۆریۆسی لە فەلسەفەدا بەدەست هێنا، وەلە زانکۆی جینا بڕوانامەی دکتۆرای هەرلە فەلسەفەدا بەدەست هێنا لەسەر "جیاوازیەکانی نێوان فەلسەفەی سروشتی دیمۆکریت و ئەبیقۆر" (٢). لەماوەی خوێندنیدا لەزانکۆی جینا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی چەپڕەوی هیگڵی لاوان، ئەم کۆمەڵەیە لەڕوی فیکریەوە

پـەڕگیر بـوون و ڕەخنـەی تونـدیان لـە تێـزە فەلسـەفیە تەقلیدیـەکان دەگـرت و دژایـەتی داب و نـەریت و بـەها کۆمەڵایەتیــە کۆنــەپارێزەکانی ئــەڵمانیایان دەکــرد وە هێرشــیان دەکــردە ســەر ئــەو سیاســەت مــەدار و فەیلەسوفانەی کـە فیکـرەی کۆنـەپارێزیان هـەڵگرتبوو وە لـەنرخیان کـەم دەکردنــەوە(٢). دوای ئــەوەی زانکــۆی جینـای تـەواو کـرد و بڕوانامـەی دکتـۆرای بەدەسـتهێنا، بڕیاریـدا وەك مامۆسـتای زانکـۆ دابمـەزرێت، بـەڵام زانکـۆ لەبەر ئەم هۆیانـەی خـوارەوە ئـەم داوایـەی مارکسی ڕەت کردەوە:

١. سەربەخێزانێکی یەهودی ناسراو بوو.
٢. ئەندام بوو لەکۆمەڵەی هیگڵی چەپڕەوی لاواندا.
٣. زێدەڕۆییــەکی فیکــری و ڕەوتێکــی شۆڕشــگێڕی توندوتیژی هەبوو.

دوای وەرنەگیرانی لە زانکۆی جینـا وەك مامۆسـتا، بـە پشت بەسـتنی بـە هـاوڕێ پرۆفیسـۆرەکەی "بیرنـو بـوور" کەلـە کۆمەڵـەی هیگڵـی چـەپڕەودا یـەکتریان ناسـی بـوو، داوایــەکی تـری پێشـکەش بـەزانکۆی "بـۆن" ی ئـەڵمانیا کرد، بەڵام زانکۆی "بۆن"یش لەبەر هەمان ئەو هۆیانـەی کەباسکران داواکەی قبووڵ نەکرد، وەهـەروەها پرۆفیسـۆر "بیرنـو بـوور" یشـیان دەرکـرد دوای ئـەوەی کـە زانیـان

هلگری فیکرەی شۆڕشگێڕییە و لەنێو خوێندکار و لاواندا ئەو فیکرەیە بڵاو دەکاتەوە.

پاش ئەوەی مارکس نەیتوانی وەك مامۆستای زانکۆ دابمەزرێت، دەستی کرد بەکاری ڕۆژنامەنووسی و چەندین وتاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بڵاوکردەوە، کە شێوازێکی شۆڕشگێڕی ڕادیکاڵی زاڵبوو بەسەریاندا(٥). لەڕێگەی ئەم وتارە ڕۆژنامەوانیانەشیەوە بانگەشەی دەکرد بۆ گۆڕانکاری و شۆڕش و هەڵگێڕانەوەی سیستەمی حوکمی ئەڵمانیا لەڕێگەی هێزەوە، وە گواستنەوەی دەسەڵات لە مەلیکەوە بۆ گەل، بەڵام ئەم نووسینە سوکایەتی ئامێزانە پاڵیان بە حکومەتی ئەڵمانیەوەنا کە لە وڵات دەری بکەن و ڕەگەزنامەی ئەڵمانی لێ بسەننەوە. مارکس لەنێوان فەڕنسا و بەلجیکادا کەوتە هاتووچۆ پەیوەندی بە شۆڕشگێڕ و چەپڕەوەکانەوە کرد و لێرە و لەوێ وتارە ڕادیکاڵیەکانی بڵاو دەکردەوە و کۆبوونەوەی نهێنی لەگەڵ ڕەخنەگران و کۆچبەراندا ساز دەکرد(٦). بەڵام هەردوو دەوڵەتی فەڕنسی و بەلجیکی کاتێك بەو بیروڕا شۆڕشگێڕیانەیان زانی کەدەیویست سیستەمی حوکم هەڵوگێڕبکات لەڕێگەی پشتبەستن بەو هێزە توندوتیژەوی کە بڕوای بە ڕێککەوتن و چارەسەر کردن نیە بەڵکو تەنها بڕوای بە زێدەڕۆیی و گۆڕانکاری گشتگیر هەیە.

پاشان مارکس لەساڵی "١٨٥١" دا ڕووی کردە بەریتانیا وە توانی مافی پەنابەری سیاسی وەربگرێت و تا کۆتایی ژیانیشی هەرلەوێ مایەوە، مارکس لەکتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانیا دەستی بەکار کرد وە بەبەردەوامی یارمەتی مادی لە ئەنگلزی هاوڕێیەوە پێ دەگەیشت(٧). وە هەر لەو کتێبخانەیەشدا توانی پەرتووکەکانی بنووسێت کەگرنگترینیان پەرتووکە بەناوبانگەکەیەتی بەناوی "سەرمایە ـ Capital" کەلە سێ بەش پێکدێت.

مارکس زۆرینەی ژیانی خۆی بەهەژاری و کەساسی بردەسەر بەهۆی ئەو فیکرە شۆڕشگێڕی و ئیشتیراکیانەی کە هەڵی گرتبوون و ئەو نووسینە سوکایەتی ئامێزانەی کەلەڕۆژنامەکاندا بڵاوی دەکردنەوە، وەهەروەها ئەو کۆبونەوە نهێنیە حیزبیانەی کە لە وڵاتانی ئەوروپا دەیبەستن، وەئەو کۆنگرە نێودەوڵەتیانەی کە ڕێکی دەخستن و لەڕێگەیانەوە سەرپەرشتی بزوتنەوەی شیوعیەتی دەکرد و بەڕێوەی دەبرد، سەرەڕای گەورەیی قەبارەی خێزانەکەی و خراپی باری بژێویەکەی، وە ڕەخنەگرتنی لەو کۆمەڵگایەی کەتیایدا دەژیا و ئەو ڕقەی کەهەی بوو بەرامبەر ئەو سیستەمەی کەبێزاری کردبوو و بەربەرەکانی پایە و پیاوەکانی دەکرد. مارکس لەساڵی "١٨٨٣" و لەشاری لەندەن کۆچی دوایی کرد لەئەنجامی ئەو شۆکانەی کە تووشی هات بەمردنی

خێزانەکــەی و زۆرینــەی منداڵــەکانی(٨). دوای ئــەوەی بنچینە پتەوەکانی بزوتنەوەی شیوعیەتی نێودەوڵەتی و ڕێکخســتنە حیزبیــەکانی و بــیرو بۆچــونە فیکــری و ئایدیۆلۆژیەکانی چەسپاند.

مــارکس لــەماوەی ژیانــە ئــەکادیمی و فیکــری و تێکۆشـانەکەیدا تـوانی چـەند پـەرتووکێکی بـەناوبانگ بنووســێ کــە کایگــەرییان هــەبوو بۆســەر بزوتنــەوە شۆڕشگێڕیی و ڕێکخستنەکانی جیهان وەرێـرەوی زۆرێـك لــە سیســتەمە سیاســی و کۆمەڵایەتیــەکانی ئــەوروپا و ئاسیاو ئەفریقا و ئـەمریکای ناوەڕاست و باشوری کێشا، وەلە گـرنگترین ئـەو پەرتووکانـەش ئەمانـەن: "ڕەخنـەی ئابوری سیاسـی" و "هـەژاری فەلسـەفە" و "ئایـدیۆلۆژیای ئــەڵمانیا" و "ســەرمایە" کەلــە ســێ بــەش پێکهــاتووە، وەهەروەها "شۆڕشی ئیشتیراکی" لەگەڵ فردریك ئـەنگلز نووسـیویانە، وە "خێزانـی پـیرۆز" و "بـارودۆخی چـینی کرێکـارانی بــەریتانیا لەســاڵی ١٨٤٢ دا" لەگــەڵ ئــەنگلز بەیەکەوە نووسـیویانە (٩). سـەرجەم ئـەم پەرتووکانـەش گوزارشـت لـە بـیروڕا فەلسـەفی و کۆمەڵایـەتی و ئـابوری سیاسـیەکانی مـارکس دەکـەن، وەهـەروەها لەڕێگەیانـەوە سروشـتی ئـەو تیـۆر و تێـز و بـەها شۆڕشـگێڕیانەی ڕوون کردۆتەوە کە هـەڵی گرتبـوون، وە ویسـتی لـە ڕێگەیانـەوە ئـەو سیسـتەمە کۆمەڵایـەتی و سیاسـیەی کـە لـە جیهانـدا

هەبوو بگۆڕێت بۆ سیستەمێکی ڕادیکاڵی هەڵگەڕانـەوەیی، سیستەمێك کەزیاتر لایەنگری لە چینی کرێکار دەکات و خەسڵەتی پێشکەوتن خوازی و ئیشتیراکیەتی هەڵگرتووەو بانگەشـــەدەکات بـــۆ هەڵوەشـــاندنەوەی چـــینایەتی، سیستەمێك کە مژدە هێنەری سیوعیەتە(١٠).

## ئەو هێزانەی کە کاریان کردۆتە سەر فیکری مارکس

گشت دانراوەکانی مـارکس و ڕێنمـایی و تێزەکـانی کاریگەربوون بە سروشتی ئەو ڕوداوە کتوپڕانەی تیایانـدا ژیـــاوە و فیکـــر و فەلســـەفە باوەکـــانی ئـــەڵمانیایان هەمەچەشن کردوون ئەو ئەڵمانیایەی کـە مـارکس تیایـدا پێگەشـــتووە و بـــاڵای کـــردووە و فێربـــووە، وە هـــەروەها کایگـــەر بـــووە بـــە نووســـینە کـــانی بیریـــارانی بـــەریتانیا دەربـــارەی ئـــابوری سیاســـی و ئـــەو وتـــار و فیکـــرە و مومارەســـــانەی کـــــە شۆڕشـــــی فەرەنســـــی پشـــــتی پێبەســـتبوون(١١). مـــارکس لـــە نووســـینە زانســـتیەکانیدا کاریگەر بوو بە فەلسەفەی ئەڵمانی بەتایبـەت فەلسـەفەی فیختــە و هــیگڵ، لــە فیختــەوە ئــەو فیکــرە ئایدیالیانــە فێربـوو کـە بانگەشـەی بـۆ ئـەوە دەکـرد پێویسـتە تـاك لەپێناو خزمـەتکردن بەکۆمەڵدا قوربـانی بـەخۆی بـدات، وە ڕۆحــی گشــتی زاڵبێــت بەســەر ڕۆحــی تاکەکەســیدا،

وەتاکەکەس لەبەرامبەر خواست و فەلسەفە و زمان و ئاین و بەها و پێوەرەکانی کۆمەڵدا خۆی بەدەستەوە بدات و ببێتە خزمەتکاریان. وە ئەو یاسا گشتگیرانەشی لە هیگڵەوە وەرگرت کە ڕەێڕەوە مێژوویەکانی کۆمەڵگا دیاری دەکەن و بەشێوەیەکی زانستی هاوسەنگ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بەیەکەوە دەبەستن(١٢). وەك هیگڵ دەڵێت و مارکسیش دانی پێدادەنێت مێژوو پرۆسەی ئەفراندنی خودە بۆ مرۆڤ ، بەڵام ئەم پرۆسەیە وەك مارکس لەزۆرینەی نووسینەکانیدا جەختی لەسەر دەکاتەوە کاریگەر دەبێت بە هێزە پاڵنەرەکانی کاری مرۆیی (Human Labor) واتە بە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و موڵکداریتییەوە. هەروەها مارکس مەزهەبی دیالێکتیکی یاخود جەدەلی لە هیگڵەوە وەرگرتووە، ئەو پرەنسیپەی کە بەشێوەیەکی تەوا و ڕەها دان بەفیکرە و فیکرەی دژدا نانێت، بەڵکو دان بەدروستی نیوەی فیکرە (Thesis)کە و نیوەی فیکرەی دژدا (Antithesis) دەنێت، لەئەنجامی کۆبوونەوەی ئەم دوو بەشەشدا فیکرەی سێهەم دروست دەبێت (Synthesis) کە ئەمەش گونجاندنە لەنێوان ئەم دوو فیکرەیەدا و گرفت و ناتەواویەکانی نێوانیان چارەسەر دەکات.

هیگڵ بۆ تێگەیشتن لە مێژووی مرۆڤایەتی و دەرککردن بەو ڕووداوانەی کە لەو مێژوەدا ڕوویانداوە و

بەستنەوەیان لەگەڵ یەکتردا بە شێوەیەکی زانستی هاوسەنگ پشتی بە مەزهەبی دیالێکتیکی بەستووە. مێژووش وەك هیگڵ پێناسەی دەکات ئەو پێشکەوتنەیە کەلە هۆشیاری ئازادی عەقلانیەتدا ڕوو دەدات، ئەو هۆشیاریەی کە گشت کۆمەڵگا و شارستانیەتەکان هەیانە. هیگڵ بڕوای وایە کە مێژووی مرۆڤایەتی لە ڕۆژهەلاتی کۆنەوە دەستی پێکردووە، واتە لەشارستانیەتی دۆڵی دوو ڕووبار (وادی الرافیدین) و دۆڵی نیل و شارستانیەتی هیند و چینەوە سەری هەڵداوە و پاشان بە مەدەنیەتی ئیغریقی (یۆنانی کۆن) و ڕۆمانیادا تێپەڕیوە کە تیایدا یاسا وەك هێزێکی کاریگەر لەسەر پەیوەندی و ڕفتاری تاکەکان دەرکەوتووە، پاشان مێژوو مۆرکێکی شارستانی و زانستی پەرەسەندووی وەرگرتووە و هاتۆتەناو جیهانی عەرەبیەوە، دوای ئەوە ڕووی کردۆتە ئەوروپا و گەلی ئەڵمانیاش لەدیاری کردنی ڕۆڵ و سروشتەکەیدا ڕۆڵی سەرکردایەتیان بینیوە(١٣).

بەلام ڕۆڵی هیگڵ لە پەرەدان بەسۆسیۆلۆژیادا لەو لێکۆڵینەوە بابەتیانەدا نییە کەچارەسەری ئەو کێشە ئەکادیمیانەی کرد کە ئەو لێکۆڵینەوانە بەرەنگاری دەبوونەوە کەلە کۆمەڵگای مرۆییان دەکۆڵیەوە، بەڵکو لەو شوێنەوارانە دایە کە جێی هێشت لەسەر فیکری ئەو سۆسیۆلۆژیستانەی کە ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە

پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئەم بابەتەدا، بەتایبەت لەسەر کارل مارکس کە یاسای دیالێکتیکی لە هیگڵەوە وەرگرت و لە ڕاڤەکردنی بزاوتی کۆمەڵگادا بەکاری هێنا ڕاڤەکردنێکی ماتریالی مێژوویی(١٤). ئەم یاسایەش یارمەتی مارکسی دا بۆدیاری کردنی ڕێڕەوی ئەو وەرچەرخانە کۆمەڵایەتیەی کە کۆمەڵگا مرۆییەکان بەخۆیانیەوە دەبینن. لەتێڕوانینی مارکسەوە کۆمەڵگاکان لە بەرایی (مشاعی) ەوە دەگۆڕێن بۆ سەرەتایی و پاشان بۆ کۆیلایەتی و دوای ئەوەش بۆ فیودالّی و لە کۆتاییشدا بۆ سەرمایەداری و ئیشتیراکی. مارکس ئەم وەرچەرخانە دەگێڕێتەوە بۆ ئەو هێزە ماتریالیانەی کە کۆمەڵگا بەسەر چەند چینێکی بەگژیەکداچوودا دابەش دەکەن، ئەش دەبێتە هۆی قوڵبوونەوەی هۆشیاری چینایەتی و زیاتر ئاڵۆز بوونی ململانێی چینایەتی لەنێوان چینەکاندا، ئەو ململانێیەی کە دەبێتە هۆی شۆڕش و پاشانیش وەرچەرخانی کۆمەڵگا لە قۆناغی شارستانیەتێکی دیاری کراوەوە بۆ قۆناغێکی تری شارستانی (١٥).

مارکس لە نووسینەکانیدا کاریگەر بووە بە فیکر و ومارەسەکانی شۆڕشی فەرەنسی و وتاربێژ و بیریار و سەرکردەکانی بەتایبەت میرابۆ و ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ، وە هەمان ئەو میتۆد و شێوازە شۆڕشگێڕی و ئیرهابیانەی

گرتەبەر کە شۆڕشی فەرەنسی بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکم و هەیکەلی کۆمەڵگا بەرهەمی هێنابوون. مارکس بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کە پێویستە ڕێکخراوەکانی حوکمی کۆنەپەرستی (رجعی) لەجیهاندا بەتایبەتی لە ئەوروپادا بگۆڕێن ، وە شێوازی توندوتیژی شۆڕشگێڕی بەکار بهێنرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی چینی کرێکار و لەبەریەك هەڵوەشاندنی ئەو بنەما ماتریالیانەی کە سیستەمە سەرمایەداری و فیودالیەکان پشتی پێ دەبەستن, وە نەهێشتنی هێز و دەسەڵاتی چینە زۆردارەکان لەسەر جەماوەری خەڵك و وەستان لەڕووی ئەو زۆرداری و دیکتاتۆریەت و ڕق و کینە چینایەتیەی کە فەرمان ڕەوا زۆردارەکان مومارەسەی دەکەن(١٦). لەهەمان کاتدا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە پێویستە گەلە ژێردەستەکان یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادی و دیموکراسییان هەبێت تاکو بتوانن خۆشگوزەرانی و دڵخۆشی و ئارامی و جێگیری بەدی بهێنن.

لە کۆتاییشدا مارکس کاریگەربوو بە ئابوری زانە ئینگلیزیەکانی وەك ئادەم سیمس، ریکاردۆ، جیرمی بینسام و جۆن ستیوارد میل، لەوانەوە زۆر شت فێر بوو دەربارەی ڕەگەزەکانی بەرهەم هێنان و دابەشکردن و بەکارهێنان و بەها و زێدەبەها و بازرگانی ناوخۆیی و

دەرەکی و پارە و ئەرکەکانی و پەیوەندی بەجێگیری نرخ و دیاری کردنی بەهای شتەکان و ئاڵوگۆڕ کردنیانەوە(١٧). ئەگــەر نووســینە ئەکادیمیــەکانی مــارکس بخوێنینــەوە دەبیــنین کــە شــێوازێکی ئــابوری بەســەریاندا زاڵــە و زۆر زاراوەی ئــابوری بــەکارهێناوە، وە هــەمان ئــەو تیۆرانــەی بەکارهێناوە کە ئابوری ناسـەکانی بـەریتانیا خستوویاننە ڕوو، بــەڵام لــەڕووی قــەبارە و پاســاو و تێــز و ئاراســتەوە هــاودژە لەگەڵیانــدا، ئــەو بانگەشــە بــۆ ئــەوەدەکات کــە پێویســتە پەیوەندیــەکانی بەرهــەم هێنــان و موڵکایــەتی بگۆڕێن و ئەو مۆنۆپۆڵکردن و ئیستیغلالکردن و هـەژاری و بێبەشکردنە لەناو ببرێت کە چینی کرێکاران ڕووبـەڕوی دەبنــەوە. ئەمــە گــرنگترین ئــەو سەرچــاوە فیکــری و پراگماتیانـــە بـــوون کـــە مـــارکس کـــاریگربووە پێیـــان بــەجۆرێك کــە نووســینە زانســتیەکانیان هەمەچەشــن کــردوون و مــۆرکێکی وایــان پــێ بەخشــیون کــە ڕۆحــی ئایــدیالی و تۆبــاوی و ڕۆحــی شــۆڕش و گــۆڕان و ڕۆحــی هاودژی و ململانێیان تێدا بەرجەستە ببێت.

## چەمكی سۆسیۆلۆژیا و زانستە كۆمەڵایەتیەكان لای ماركس

كارل ماركس بڕوای وایە كە سۆسیۆلۆژیا لەپێش گشت زانستە كۆمەڵایەتیەكانەوەیە، وە زانستە كۆمەڵایەتیەكانی تر لەو جیابوونەتەوە و لە زانیاری و حەقیقەتەكانیشیاندا پشت بەو دەبەستن، سەرەڕای ئەو ڕۆڵە ئەكتیڤەی سۆسیۆلۆژیا دەیگێڕێت لە دەوڵەمەندكردنیان بەو میتۆدەی بۆ كۆكردنەوەی زانیاریە سەرەكیەكانیان و پۆلێن كردنیان و بەراوردكردنیان بەكاری دەهێنن بەجۆرێك كە دەبێتە بەشێك لەمادده زانستی و چوارچێوە جێگیر و دیاری كراوەكەیان(١٨). لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندیەكی بەهێز هەیە لەنێوان سۆسیۆلۆژیا و زانستە كۆمەڵایەتیەكانی تردا، ئەم پەیوەندیەش دەتوانرێ لەڕێگەی پشت بەستنی هەر زانستێك بەزانستێكی ترەوە هەستی پێ بكرێت، هەروەك چۆن زانستە كۆمەڵایەتیەكان پشت بە سۆسیۆلۆژیا دەبەستن، بەهەمان شێوە سۆسیۆلۆژیاش بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتەكانی و شیكاركردنی داتاكانی و وەرگرتنی دیاردەكان و دەرككردن بەو پرۆسە مرۆییانەی كە تایبەتە بە لێكۆڵینەوەیان پشت بە زانستەكانی تر دەبەستێت.

کارل مارکس چەند پێناسەیەك بەسۆسیۆلۆژیا دەبەخشێت کە گرنگترینیان ئەمانەن: (( سۆسیۆلۆژیا ئەو زانستەیە کە لە دیاردە مرۆییەکانی کۆمەلگا دەکۆلێتەوە لەڕووی بنەچە و بارودۆخ و ڕێڕەوی وەرچەرخانیان لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی تر ))(١٩). یاخود (( ئەو زانستەیە کە لەو پەیوەندیە کارلێکیە دەکۆلێتەوە کە لەنێوان بنچینە ماتریالیەکانی کۆمەلگا "واقیعی کۆمەلایەتی" و سەرخان بەو ئاین و ئایدیۆلۆژیا و بەها و ئاکار و فەلسەفە و سیاسەت و یاسایانەشەوە کە لەخۆی دەگرێت "هۆشیاری کۆمەلایەتی" دا هەیە)). یاخود (( ئەو زانستەیە کە لە سیستەمەکانی کۆمەلگا و ڕێگاکانی وەرچەرخانیان دەکۆلێتەوە لە قۆناغێکی نزمەوە بۆ قۆناغێکی بەرزتر)). لە کۆتاییشدا مارکس بڕوای وایە کە دەتوانین پێناسەی سۆسیۆلۆژیا بکەین بەوەی کە (( ئەو زانستەیە کەلە کۆمەلگا دەکۆلێتەوە و پسپۆری لە شیکارکردنی پێکهاتە کۆمەلایەتیەکەیدا وەردەگرێت شیکارکردنێکی زانستی بەلەبەرچاو گرتنی وەرچەرخان و گۆڕانی ئەم پێکهاتانە بەتێپەڕینی کات، لەئەنجامی گۆڕانی بارودۆخە ماتریالی و مرۆییەکانی کۆمەلگا)).

لەمەوە دەتوانین بگەینە ئەوەی کە مارکس بەچەندین شێوە پێناسەی سۆسیۆلۆژیای کردووە تاکو لەکۆتایی دا لەسەر پێناسەیەك وەستاوەتەوە کەدەلێت ((

سۆسیۆلۆژیا زانستی ستراکتۆر وگۆڕانی کۆمەڵایەتییە)). گرنگترین شتیش کە ئەم زانستە بایەخی پێدەدات لێکۆڵینەوەیە لە عەقڵی جەمعی و پەیوەندیە توند و تۆڵەکەی بە ڕێکخستن و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتیەکانەوە. وە میتۆدەکەشی لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەبستراکت کردنی گشت حەقیقەتەکانە لەبەشە هەستپێکراوەکان، وەهەروەها دەرخستنی ئەو یاساگشتی و بارودۆخە جەوهەریانەیە کە جێگیری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی پشتی پێدەبەستن.

مارکس مەیدانی سۆسیۆلۆژیا بەوە دیاری دەکات کە زانستێکی گشتگیر و گشتییە و زانستە کۆمەڵایەتیەکانی تر لقێکن لەو، ئەمەش مانای ئەوەنییە کە پرەنسیپ و مەسەلەکانی لەو زانستانەوە وەردەگرێت کە لقێکن لەو، بەڵکوو بەپێچەوانەوە سۆسیۆلۆژیا یارمەتی سەربەخۆ بوونیان دەدات و پشتگیری توێژینەوەکانیان دەکات تاکو دەگەن بەچەند یاسایەکی گشتیتر وە ماوەماوەش دەگەڕێنەوە بۆ لای تاکو سوود لەو گۆڕانکاریانە وەربگرن کە لە کەرتە کۆمەڵایەتیە گرنگەکاندا ڕوودەدەن وەک ئاین، یاسا، ئابوری، سیاسەت، هونەر و ستاتیکا، بەواتایەکی تر زانستە کۆمەڵایەتیە تایبەتیەکان سەرەڕای ئەوەی کە یارمەتی سۆسیۆلۆژیا دەدەن و خزمەت بەمەبەستەکەی دەکەن لە هەمان کاتدا پشت بەیاسا

کۆمەڵایەتیـــە گشـــتیەکان دەبەســـتن و حەقیقەتـــەکانی خۆیان لەژێر ڕۆشنایی ئەو پرەنسیپ و بەگشتی کـردن و ئەزمونانەدا جێگردەکەن و دەچەسـپێنن کـە سۆسـیۆلۆژیا لەرێگەی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕادەی پێشکەوتنیانەوە پێی دەگات.

وە مـارکس بـڕوای وایـە سۆسـیۆلۆژیا تاکـە زانستێکە دەتوانێـــت یاســـاکانی پێشـــکەوتنی کۆمەڵایـــەتی و ڕواڵەتـەکانی ئـەم پێشکەوتنە بدۆزێتـەوە، وە دەتوانێـت ئەو پەیوەندیە ئاڵوگۆڕانەش بدۆزێتەوە کـە لـەنێوان ئـەم ڕواڵەتە جیاوازانەدا هەن، جا لەیەك کۆمەڵگادابێت یاخود لـە نێـوان چـەند کۆمەڵگایـەکی لەیـەك جیـاواز لـەڕووی بنـــەما و تایبەتمەندییـــەوە، ئـــەو زانستەشـــە پێمـــان ڕادەگەیـــەنێت کەسیســـتەم بـــەبێ پێشـــکەوتن نابێـــت، وە پێشـــکەوتنیش گوزارشـــتە لـــە چـــەند گۆڕانکارییـــەکی مێژوویی پۆزەتیڤ لەستراکتۆری کۆمەڵایەتی و ئابوریدا.

لەچەند شوێنێکی تردا مارکس پێناسەی سۆسـیۆلۆژیا دەکـــات بـــەو زانســـتەی کەلـــە سروشـــتی یـــەکگرتنی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە لەڕووی مێـژوویی و قۆناغـەکانی وەرچەرخانیەوە. بەڵام زانستە کۆمەڵایەتیەکانی تر بەش و بەرجەســتەبوونی سۆســیۆلۆژیان(٢١). وە نــاتوانین لــە سۆسیۆلۆژیا تێبگەین و دەرك بەنهێنیەکانی بکـەین بـەبێ لێکۆڵینـەوە لـە سروشـتی پەیوەندیـە مرۆییـەکان و ئـەو

فاکتـەرە نـەبێت کـە ڕەفتـاری مرۆیـی دەجولێنێـت ، ئـەم فاکتەرە جولێنەرەش لە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنـان و هێزەکـانی بەرهـەم هێنانـدا ڕەنـگ دەداتـەوە، واتـە ئـەو ڕەفتـارە مرۆیـی و پەیوەندیـە کۆمەلایـەتی و دامـەزراوە ستراکتۆریانەی کە سۆسیۆلۆژیا لێیان دەکۆلێتـەوە گشتیان کاریگەر دەبن بە هۆکارە ئابووریەکان، ئەو هۆکارانەی کـە جێدەستی خۆیان بەتەنها لەسەر گشت سوچ و پایـەکانی کۆمەلگا جێ ناهێلن، بەلکو ئەو ئاراستانەش دیاری دەکەن کـە کۆمـەلگای مرۆیـی لـە ڕێـڕەوی شارسـتانیەتی خۆیـدا دەیان گرێتە بەر.

بەلام زانستە کۆمەلایەتیەکانی تر کە پەیوەندییەکی دۆستانەیان هەیە لەگەل سۆسیۆلۆژیادا وەك ئابووری، مێژوو، فەلسەفە، ئەنتۆپۆلۆژیای کۆمەلایەتی، سیاسەت، یاسا، ئاین و ئایدیۆلۆژیا بەهەمان شێوە هۆکارە ئابووریەکان کاریگەرییان هەیە بۆ سەر لێکۆلینەوەکانیان، بەو بڕوایەی کە هۆکارە ئابووریەکان دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیان هەیە لەسەر ئەو دامەزراوە ستراکتۆریانەی کۆمەلگا کە زانستە کۆمەلایەتیەکان تایبەت دەبن بە ڕاڤەکردن و دەرککردن بە لایەنە شاراوەو ڕەهەندەکانیان(٢٢). وەهەروەها هۆکارە ئابووریەکان کاردەکەنە سەر ئەو ڕەفتارە سیاسیەی کە زانستە سیاسیەکان لێی دەکۆلنەوە، وە کاریش دەکەنە

سەر ڕفتارە یاسایی و پەروەردەییەکان، لەبەرئەوە پەیوەندی نێوان سۆسیۆلۆژیا و زانستە کۆمەڵایەتیەکانی تر وەك مارکس بەدی دەکات تەنها لە بوارەکانی بەخشینو وەرگرتن و ڕووی لەیەکچوونیاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو ئەو شوێنەوارانەش دەگرێتەوە کە هۆکاری ئابووری لەسەر لایەنە شاراوەکانی ئەم زانستانەو چالاکیە تیۆری و پراکتیکیەکانیان جێی دێڵێت.

## بنەچەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگا و دەوڵەت لای مارکس

تیۆری مارکس دەربارەی بنەچەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگا و دەوڵەت پشت بە بیروڕا ماتریالیە دیالێکتیکیە مێژووییە کەی و بەو ململانێ چینایەتیە کۆمەڵایەتیە دەبەستێت کە لە نێوان چینی بۆرجوازی کە خاوەن ئامراز و هۆیەکانی بەرهەم هێنان و دەسەلاتی کۆمەڵایەتی و سیاسیە لەگەڵ چینی پرۆلیتاریا کە کرێکاری زەحمەت کێشن و خاوەن هیچ شتێك نین جگە لەو هەوڵ و کۆشش و وزە مرۆییە نەبێت کە بەپارە دەیفرۆشن بە چینی بۆرجوازی(٢٣). ئەو مل ملانێ چینایەتیەی کەلەسەر بنچینەی ماتریاڵ و موڵکداریتی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان دادەمەزرێت، زۆرجار بەشۆڕشی کۆمەڵایەتی کۆتایی دێت کە سەرجەم

ڕووکارەکانی کۆمەڵگای مرۆیی لە فۆرمێکەوە دەگۆڕێت بۆ فۆرمێکی تر.

پێکهاتنی کۆمەڵگای مرۆیی لای مارکس پشت دەبەستێت بە هۆکاری زیادبوونی دانیشتوان و دەرکەوتنی پێویستی هاتنە ناوەوەی سیستەمی کاردابەشکردن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە ڕوو لە زیادەکانی دانیشتوان بۆ مادده خۆراکی و ئەو ماددانەی تر کە لەژیانی ڕۆژانەیاندا پێویستیان پێیانە(٢٤). لە ئەنجامی زیاد بوونی دانیشتوان و پشت بەستن بە میتۆدی کاردابەشکردن و پسپۆریدا، چینە کۆمەڵایەتیەکان دەردەکەون و ململانێ لەنێوانیاندا سەرهەڵدەدات، وە بەدەرکەوتنی سیستەمی چینایەتیش ئەو کۆمەڵگا مرۆییە سەرهەڵدەدات کە ماف و ئەرکی چینە کۆمەڵایەتیەکان ڕێک دەخات، وە چینی باڵادەستیش زاڵدەبێت بەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێناندا و ڕۆڵێکی گەورەش دەگێڕێت لە دیاری کردنی یاساکانی ڕێ ڕۆیشتنی کۆمەڵگا و دیاری کردنی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و سروشتی ئەو پەیوەندیەی کە چینەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە دەبەستێت. وە کاتێکیش ململانێ لەنێوان چینەکاندا بەرپادەبێت، دەوڵەت دەردەکەوێت و بەرپرسیارێتی کەمکردنەوەی ئەو ململانێیە و بەرەنگار بوونەوەی

چـينێكى كۆمــەڵگا لەگــەڵ چـينێكى تــردا لــە ئەســتۆ دەگرێت(٢٥).

بــەڵام ململانێــى چـينايەتى لــەنێوان خێڵەكانــدا كاتێـك دەردەكـەوێت كـە بـارودۆخى گـوزەران و ئـابوورى لەتاكێكەوە بۆتاكێكى تر و لە گروپێكيشەوە بـۆ گروپێكى تـر جيـاواز بێـت، وەك ئــەو ململانێيانــەى كــە لــەناو خێڵەكانى يۆنان و ڕۆمانيادا دەركەوتن بەتايبەت لـەنێوان چـينى ئەرســتۆكراتەكان (چـينى ئازادەكــان) و چـينى كۆيلەكاندا، دواى ئەوەى كۆمەڵگاى كۆن ڕووخا كـە لەسـەر پرەنسـيپى ململانێـى تاكـەكانى خـێڵ دامـەزرا بـوو، تـاكو ڕادەى تونـدى ململانێكـە كـەم بكاتـەوە و كۆتـايى پـێ بهێنێـت، دەوڵـەت تـوانى دەسـەڵاتێك پێـك بهێنێـت كـە توانـاى جێبـەجێ كردنـى هـەبێت و بتوانێـت لەسـەروو بەرژەوەنديـــەكانى هـــەردوو چــــينى ململانێكــــەرەوە بوەستێت، وەئـەم دەسـەڵاتەش هێـزى پێويستى پێـدرا بـۆ چارەسەر كردنى ئـەم ململانێيـە و چەسپاندنى ئاشتى و ئاســايش و دڵنيــايى لــە كۆمــەڵگادا، لەســەرەتادا ئــەم دەسەڵاتە دادپەروەر و بەويـژدان بـوو وەلـەژێر كاريگـەرى هــيچ چــينێكدا نــەبوو، بــەڵام زۆر بــەخێرايى لــە پرەنسـيپەكانى دادپـەروەرى و يەكسـانى لايـدا و بـووە پشتگير و لايـەنگرى چينى خـاوەن ئامرازەكـانى بەرهـەم هێنــان (٢٦). لــە چــاخى فيــوداڵيزم و ســەرمايەداريدا

دەسـەڵات بـوو بەبەشـێك لـە چـینی خـاوەن ئامرازەکـانی بەرهەم هێنان، بەتایبەتی کاتێك کە خودی دەوڵەت خۆی لە خاوەن ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و ئەو کەسانە پێك هاتبوو کە زاڵبوون بەسەر سـەروەت و سـامان و تواناکـانی کۆمــەڵگادا. ئەنــدامانی هــەردوو چــینی فیــوداڵیزم و ســەرمایەداری بەتــەنها خــاوەنی هێــزە ئــابووری و کۆمەڵایەتیەکان نین، بەڵکو خـاوەنی دەسـەڵاتی یاسـایی و سیاسیشن، ئـەم هێـزەش لەکۆمـەڵگا فیودڵیەکانـدا لـە دژی چینی جوتیاران و لـە کۆمـەڵگای سەرمایەداریشدا لـەدژی چینی کرێکاران بەکار دەهێنرا. ئەم شێوە زۆرداریەش کە چـینی فـەرمانڕەوا ئومارەسـەی دەکـات بـەپێی گوتـەی مارکس دەبێتە هۆی درووست بوونی هۆشیاری چینایەتی لای ئەنــدامانی چــینی فــەرمان بەســەردا کــراو، ئــەم هۆشـیاری چـینایەتیەش یارمـەتییان دەدات بـۆ هێنانـەدی یەکیەتی و یکگرتنی چینایەتی. دوای هاتنـەدی یەکیـەتی چینایەتی چینی فەرمان بەسەرداکراو جاڕی یـاخی بـوون و شـۆڕش دەدەن لـەدژی چـینی فـەرمانڕەوا، ئـەم یـاخی بوونــەش زۆرجــار دەبێتــە هــۆی ڕووخــانی فیــوداڵیزم و سەرمایەداری و سـەرهەڵدانی کۆمەڵگایـەکی نـوێ کەپشت بــە پرەنســیپەکانی دادپــەروەری و ئــازادی و یەکســانی دەبەستێت(٢٧).

مــارکس بایــەخی بــە مــل ملانــێ (Conflict) و ڕێککەوتن (Consensus) دا، وە ململانێی بە حەقیقـەتێك دانـا لـەنێوان چـینەکانی کۆمـەڵگای مرۆییـدا، وە بـڕوای وابـوو کـە دەربـازبوون لێـی مەحاڵـە تـەنها بەهێنانـەدی کۆمەڵگایەکی بێ چین نـەبێت "کۆمـەڵگای شیوعی"(٢٨). وە باس لەوە دەکات کە ململانێی چینایەتی لـە سـەرجەم ئەو قۆناغـە مێژووییانـەدا بـوونی هـەبووە کـە کۆمـەڵگای مرۆیـی پێیانـدا تێپـەڕ بـووە، هـەر لـە قۆنـاغی بـەرایی (مشـاعی) ەوە تــاکو قۆنــاغی شۆڕشــی پرۆلیتاریــا. وە ڕێککــەوتن و گونجــان و یــەکتر تــەواوکردن تــەنها دوای زاڵبــوون بەســەر چــینە کۆمەڵایەتیــەکان و ململانێــی چینایەتیدا نـەبێت نایەتـەدی ، ئـەو کاتـەش کۆمـەڵگا بـێ چینی بە خۆیەوە دەبینێت کـە لـە قۆنـاغی ئیشـتیراکیەت دەردەچــێت و پــێ دەنێتــە قۆنــاغی شــیوعیەتەوە. هەرچـەندە مـارکس بـڕوای وایـە کـە ڕێککـەوتن تـەنها لـە کۆمەڵگایـەکی شـیوعیدا دێتـەدی و کۆمـەڵگا کۆیلایـەتی و فیــوداڵی و ســەرمایەداریەکان بەخۆیانیــەوە نــابینن وە زۆرینەی نووسینەکانیشی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە، بەڵام باس لە سەرچاوەکانی جێگیری و یەکیەتی ناکات لە کۆمەڵگادا. لەگەڵ ئەمەشدا چەند بابـەتێکی خستۆتەڕوو کـە پەیوەسـتن بـە بەکۆمەڵایـەتی بـوون و گەشـەکردنی بایەخدان و ئاراستە و بەها و بەرژەوەندیەکان تاکەکەس.

کەواتــە تیۆرەکــەی مــارکس دوو سیســتەمی کۆمەڵایــەتی لــەخۆ دەگرێــت: سیســتەمێك کەتیایــدا ململانــێ بــڵاو دەبێتەوە، سیستەمێکی تـر کەتیایدا یەکیـەتی و گونجان بــڵاو دەبێتــەوە، سیســتەمی یەکــەم لــەدژی کەرامــەت و شــارەزایی و کامــەرانی مرۆڤــ دەوەســتێتەوە لەبەرئــەوە پێویســـتە زۆر بـــەخێرایی کۆتـــایی پـــێ بهێنرێـــت و لـــەکاربخرێت، لەکاتێکـــدا سیســـتەمی دووەم دوورە لەسەرچـــاوەکانی کێبـــەرکێ و ململانـــێ، وە ڕۆحـــی خۆشەویســـتی و ئاشـــتی و دڵنیـــایی زاڵـــە بەســـەریدا، سیســتەمێکی لــەم شــێوەیەش پێویســتی بــە دامــەزراوە و ڕێکخــراوی دیموکراســی هەیــە کــەپارێزگاری لــە دەســەڵاتی دەوڵــەت و دەســەڵاتدارەکەی بکــات و هێــزە دیکتاتۆرەکــان تێك بشکێنێت و زاڵبێت بەسەر زوڵم و زۆرداریدا(٢٩).

لەمەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کــەتیۆری مــارکس دەربارەی بنەچەی سەرهەڵدانی دەوڵەت و کۆمــەڵگا پشت بە فیکرەی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان دەبەستێت کە زیـــادبوونی خواســـتی زەوی و زاری لـــێ دەکەوێتـــەوە و دەشبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێبـەرکێ لـەنێوان تاکـەکان و گرووپەکانـــدا بـــۆ دەســـتگرتن بەســـەر زەوی و زار و وەبەرهێنانیدا. وەئەم کێبەرکێیەش ململانێ و ناکۆکی و شــەڕ و کوشــتاری لێ دەکەوێتــەوە، ئــەم جــۆرە ململانــێ و ناکۆکیەش دەبێتە هۆی ئــەوەی کــە دەوڵــەت ســەرهەڵبدات

بــۆ چارەســەر کردنــی ئــەو ململانێیــە بەشــێوەیەکی دادپەروەرانــە، بــەڵام زۆربــەخێرایی ئــەم دەوڵەتــە دەبێتــە لایەنگری ئەو گرووپەی کە بەهێزەو خاوەن ئامرازەکانی بەرهەم هێنانە. وەلایەنگریی دەوڵەتیش بۆ ئەم دەستەیە وادەکــات کۆمــەڵگا بەســەر دوو چــینی کۆمەڵایــەتی دژبەیەکــدا دابــەش ببێــت، ئــەو چــینەی کــەخاوەن ئامرازەکانی بەرهــەم هێنانــە لەگــەڵ ئــەو چــینەی کــە خــاوەنی هــیچ شــتێك نییــە جگــە لــەو هــەوڵ و کۆششــە مرۆییــەی کەبــەنرخێکی کــەم دەیفرۆشــێت بەچــینی بۆرجــوازی. وە هەرچــینێکیش بــارودۆخی کۆمەڵایــەتی و ئــابووری و هۆشــیاری کۆمەڵایــەتی تایبــەت بــەخۆی هەیــە کەلە فیکر و بەها و ئایــدیۆلۆژیای سیاسی و ئاینیەکانیدا بەرجەستە دەبێت.

## ڕاڤەکردنێکی ئابووریانە بۆ کۆمەڵگا و مێژوو

مارکس بڕوای وایە کە هەموو ئەو شتانەی کە لەناو کۆمەڵگادا ڕوو دەدەن لەدیاردە و سیستەم دەگەڕێنەوە بۆ هۆکاری ئابووری، دەگەڕێنەوە بۆ هۆکاری ئابووری. وە هێزە ئابووریەکان بنچیەی ڕوداو و پەرەسەندنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاکاریەکانن، بۆنمونە پەرەسەندنی فیکری ڕەنگدانەوەی ئەو هێز و فاکتەرە ئابووریانەیە کە ستراکتۆری ئابووری پشتی پێدەبەستێت، وەئەمش بەسەر گشت پەرەسەندنە کۆمەڵایەتیەکانی تریشدا دەچەسپێت(٣٠). ئێمە لە سروشتی کۆمەڵگا تێناگەین تاکو لە ڕاستی ئەو پشتگیرییە ئابوورییانە تێنەگەین کە لەسەریان دادەمەزرێت، مارکس شتێکی تریش زیاد دەکات و دەڵێت تاکەکان لە کۆمەڵگادا تەنها ئامێرێك نین کە سیستەمی ئابووری جوڵەیان دیاری بکات ، فاکتەرێکی گرنگیش هەیە کە بە شێوەیەکی ــ تلقائی ــ لە خۆوە سەری هەڵداوە ،ئەویش ڕەنجی چینەکانە لە پێناو باشکردنی بارودۆخی ماددییان. وە ڕووداوە ماتریالیە مێژووییەکان ئەوەمان دەخەنە بەر چاو کە ئەم ڕەنج دانە هەمیشە بەسەر کەوتنی ئەو چینە کۆتایی دێت کە ژمارەیان زیاتر و بارودۆخیشیان خراپترە لە چینەکەی تر ، کە هەر

ئەمەشـە مـارکس بـە "یاسـای پەرەسـەندنی مێـژوویی" گوزارشتی لێدەکات (٣١).ئەگـەر ئەمـە بـارودۆخی کۆمـەڵگا بێـت لـە ڕابـردوودا ئـەوا لـە ئێسـتاو داهاتووشـدا هـەر بەهـەمان شـێوە دەبێـت .وە خـەباتی چـینەکان هـەر لـە دروسـت بـوونی سیسـتەمی پیشەسـازییەوە دەسـتی پێکـردووە ،وە ئـەم سیسـتەمە جیـاوازی چـینایەتی درووسـت کـرد لـە نێـوان ئـەو چـینەی کـە خـاوەن ئامرازەکانی بەرهـەم هێنانـە لەگـەڵ ئـەو چینەدا کە بە دەست کێشە و بەشخواردن و پەراوێز خستنەوە دەناڵێنێت لە ئەنجامی ئیستیغلال کـردن و خـاوەن دارێتـی نـەکردنی سادەترین ڕەگەزە ئابوورییەکانی ژیانێکی کامەران.

پێویستە ئەوەش باس بکەین کە مارکس لە لێکدانـەوە فەلسەفیە ماتریالییـە مێژووییەکەیدا پشت بـە دوو جار شیکارکردن دەبەستێت کە ئـەوانیش شـیکاری دیـالێکتیکی یاخود جەدەلی و شیکاری ماتریـالی مێـژوویین، ئـەوەی کـە پەیوەستە بە شیکاری دیالێکتیکیـەوە ئەوەیـە کـە مـارکس لـە هیگڵـەوە وەری گرتـووە ،ئەگـەر هـیگڵ نەبووایـە نـەماتریالی مێـژوویی جـەدەلی سـەری هەڵـدەداو نەمارکسیش دەیتـوانی بـە شێوەیەکی زانسـتی و عـاقڵانی ئابووری و مێژوو ڕاڤە بکات. ئەو یاسای دیالێکتیکیەی کە هـیگڵ دایناوە و مارکسـیش پـێی کاریگـەر بـوو ئامـانجی چارەسـەر کردنـی ئـەو دژ یـەکی و نـە گونجانەیـە کـە لـە

نێوان فیکرە (Thesis) و فیکرەی دژ (Anti Thesis) دا هەیە، چارەسەرێکی ناوەندی ئەویش لەڕێگەی دانان بە ڕاست و دروستی نیوەی فیکرەکە و نیوەی فیکرەی دژدا وە دروستکردنی یەکیەتی لە نێوانیاندا و هەڵێنجانی فیکرەیەکی نوێ کە جیاواز بێت لەو فیکرە و فیکرە دژانەی کە لەسەر ئاستی توێژینەوە فەلسەفی و زانستیەکاندا خراونەتە ڕوو(٢٣). هیگڵ یاسای دیالێکتیکی بۆتێگەیشتن لەو مێژوو و کۆمەڵگا مرۆیی و سروشتە ئەبستمۆلۆژیە بەکارهێنا کە پێی وابوو هەڵقوڵاوی ململانێی نێوان فیکر و سروشتە.

مارکس سوودی لەم شیکارە جەدەلیە وەرگرت و لەجیهانی فیکرەوە گواستیەوە بۆ جیهانی ماتریالی، وە بڕیاری دا کە لەسەر سیستەمە ئابووریەکان پراکتیزەی بکات و خەباتی دوور و درێژی چینەکانی پێ ڕاڤە بکات. سیستەمە فیودالی و سەرمایەداری و ئیشتیراکیەکان لەپەرەسەندنیاندا لەسەر پرەنسیپێکی سەرەکی دەڕۆیشتن ئەوشی ئەوەیە کە هە موو دژێك هاودژەیخۆی لە خۆییدا هەلگرتووە.ئێستا سەرمایەداری ڕەگەزەکانی هاو دژەکەی خۆی لەخۆیدا هەلگرتووە چونکە لەسەر سەرمایەداری و کار دامەزراوە ئەوانیش ئەگەر دژی یەکتریشبن هەر دەبێت بەیەکەوە بوونیان هەبێت (٣٣). لەم بارەیەشەوە مارکس دەڵێت: ئەو سەرمایەدارەی کە

کـار ناکـات هاودژەکـەی کرێکـارە بـەبێ سـەرمایە . وە ڕێڕەوی سروشتی سەرمایەداری بەشێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی دەبێتـە هـۆی گەشـەکردنی هـاودژی سـەرمایەداری کـە ئـەویش کـارە. چـونکە سـەرمایەداری بەخێراییـەکی زۆر ڕووەو مەبەسـت و بـەرزترین قۆناغـەکانی پەرەسـەندنی خـۆی هـەنگاو دەنێـت بۆیـە دەبێتـە هـۆی گەشـەکردنی هاودژەکـەی بەڕێژەیـەکی بـەرز تـاکو دەگاتـە بـەرزترین قۆنـاغی پەرەســەندن ئــەو کاتــەش هاودژەکــەی بــلاو دەبێتەوە واتە ئیشتیراکییەت دێتـە دی، چـونکە هەمیشـە سەرکەوتن بۆ ئەو چینەیە کە ژمارەیـان زۆرتـرو حاڵیـان خـراپترە، سـەرمایەداری بەپڕکردنـەوەی پێداویسـتیەکانی ئەو بـارودۆخێکی وا دەخولقێنێت کە کرێکاران دەتـوانن خۆیــان ئامــادە بکــەن بــۆ ڕووخانــدنی پاڵپشــتەکانی کۆمــەڵگای ســەرمایەداری و پێکهێنــانی کۆمەڵگایــەکی ئیشـتیراکی، لەبەرئـەوە مـارکس دەڵێـت "سـەرمایەداری تۆوی لەناوچوون ـ فنا ـ ی خـۆی هـەڵگرتووە، وە ژیـانی ئێسـتای ئـابووریش تـۆوی ژیـانی داهـاتووی هـەڵگرتووە، لەبەر ئەوە سەرمایەداری ئامادەیە بۆ لەناوچـوون بـەهۆی ئــەو یاســا ئابووریانــەوە کــە ملــی بــۆ کــەچ دەکــات، ئیشـتراکییەت قۆنـاغی کۆتـایی پەرەسـەندی مێـژوویی و کۆتای ململانێی چینایەتیی‌یە " (٣٤).

بەڵام شیکاری ماتریالی مێژوویی، ئامانجی دۆزینەوەی ئەو هاودژیانەی سەرمایەداریە کە بارودۆخێکی ئیجابی دەسازێنێت بۆ هاتنەئارای ئیشتیراکیەت، مەبەست لەبەرهەمهێنان وەك مارکس بڕوای پێیەتی، خولقاندنی زێدەبەها و گۆڕینی بەشێکیەتی بۆ سەرمایەیەکی نویٚ، ئەم پرۆسەیەش بەشێوەکی سەرەکی پشت بەقەبارەی چینی کرێکار و ئەو بڕە قازانجە دەبەستێت کە دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت. ئامانجی بەرهەمی سەرمایەداری خولقاندن و کۆکردنەوەی زێدەبەها و بەتەواوی ئیستیغلال کردنیەتی، نمونەش بۆئەمە ئەو گەشەکردنە بەردەوامەیە کە لە هێزە بەرهەم هێنەرەکانی کۆمەڵگادا هەیە، سەرەڕای ئەوەی ئامراز و مەبەست هاودژی یەکترن، بەڵام سیستەمی سەرمایەداری سڵ لەم هاودژیە ناکاتەوە و بەپڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ئەو بارودۆخە دەخولقێنێت کە کاردەکەن بۆ ڕوخاندنی پاڵپشتەکانی.

مارکس بڕوای وایە ستراکتۆری ماتریالی کۆمەڵگا (دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکان، سەرچاوەکانی ڕزق و ڕۆزی، ئامرازەکانی ئیستیغلال کردنی بەخششەکانی سروشت) چیەتی ـ ماهیة ـ ی سەرخانی کۆمەڵگا، واتە فیکرە و ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفە و ئاین و بەها و ئاکارەکانی دیاری دەکەن، کەواتە ئەگەر ستراکتۆری

ماتريـالى بـەهۆى هـەر فاكتەرێكـەوە گـۆڕانى بەسـەردابێت ئەوا شـوێنەوارى خـۆى لەسـەر سـەرخان جـێ دەهێڵێت و ڕەنگدانــەوەى دەبێــت لەســەرى، پاشــانيش ســتراكتۆرى كۆمەڵايــەتى لەفۆرمێكـەوە دەگۆڕێـت بـۆ فـۆرمێكى تـر، وەكۆمــەڵگاش دەچــێتە قۆنــاغێكى شارســتانى مێــژووى ئەوتۆوە كە لەوەو پێش بەخۆيەوە نەبينيوە، ماركس بەم گووتەيەى گوزارشت لەم فيكرەيەى دەكات "ئـەوە واقيعـى ئابوورى و كۆمەڵايەتيمانە كە هۆشـياريمان ديـارى دەكـات، هۆشــياريمان واقيعمــان ديــارى ناكــات"(٣٥). مــاركس بەمێــژووى كۆمــەڵگاكان بەڵگــە بــۆ ئــەم فيكرانــەى دەهێنێتەوە و دەڵێت "پەيوەنديـەكانى بەرهـەم هێنـان و موڵكدارێتى لەكۆمەڵگاى فيوداڵيـدا بەرهـەمى دەركـەوتنى ئەو فيكـرە و بـەهاو پەندەكۆمەڵايەتيانـەن كـە گەشـە بـە كارى كشتوكاڵى دەدەن و ڕێز لەپياوانى ئاينى و سـەربازان دەگرن و موڵكدارێتيەكى فراوان دروست دەكەن، لەهـەمان كاتيشدا سووكايەتى بە كرێكار و زانـا دەكـەن و بەسـووكى لــەژن دەڕوانــن و دژايــەتى چــەمكەكانى ديموكراســى و پێشكەوتن دەكـەن(٣٦). بـەڵام كاتێـك سيسـتەمى فيـوداڵى دەڕوخێت و سيستەمى سەرمايەدارى جێگەى دەگرێتـەوە، فۆرمــەكانى بەرهــەم هێنــان و ئاســتەكانى گــوزەران و جۆرى پيشەكان دەگۆڕێن، ئەم گۆڕانـەش كۆمـەڵێ بـەها و پێوانـە و پەنـدى تـر لەگـەڵ خـۆى دەهێنێـت كـە ڕێـز لـە

کرێکاری پیشەسازی و بازرگانی دەگرن و پشتگیری لە زانست و داهێنراوە نوێکان دەکەن و سەربەخۆبوونی تاك بەباشتر دەزانن وەك لە یەکیەتی و یەکگرتنی گرووپ، ئەم شێوە فیکرە مارکسیانەش بەشدارییەکی گەورەیان کرد لەگەشەدان و پەرەدان بە سۆسیۆلۆژیادا، چونکە جەختیان دەکردەوە لەسەر ڕۆڵی هێز و پەیوەندیە ئابووریەکان لەبەها و فیکر و ڕەفتاری مرۆڤدا.

مارکس بڕوای وابوو بارودۆخ و پەیوەندیە ئابووریەکانی چینی کۆمەڵایەتی تاك، بایەخ و دانەپاڵە ــ ئینتیما ــ سیاسیەکەی دیاری دەکەن وە ئەو بەها و مومارەسە ئاکاری و ئایدیالیانە فەرز دەکەن کەتاك بڕوای پێیان هەیە. ماکس ئەم تێزە فیکریانەی بەلێکۆڵینەوە لە پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان تاك و کۆمەڵگا بەهێزتر کرد، وە پرۆفیسۆری نەمساوی "جۆزیف شمبیتر" لەگەڵ بیروڕا ماتریالیەکانی مارکس دا هاوڕایە وەلە کتێبێکدا بەناوی "سەرمایەداری و ئیشتیراکی و دیموکراسی" دەڵێت: کاری ڕۆژانەمان ئەوە دیاری دەکات کە بڕوای پێ دەهێنین لە بیروڕا و فیکر و بەها، وە پێگەکەشمان بەنسبەت هێزەکانی بەرهەم هێنانەوە بیروڕاکانمان دیاری دەکات دەربارەی ژیان و بارودۆخ و بەخشش و جلوبەرگ و کێشە هەنووکەیی و داهاتووەکان(٣٧).

## چینایەتی و ململانێی چینایەتی لای مارکس

لـەگرنگترین ئـەو تەوەرانـەی کـە مـارکس بایـەخی بەلێکۆڵینـــــەوەیان داوە و لەزۆرینـــــەی نووســــــینە کۆمەڵایەتیو شیکاریە ئابووری وسیاسیەکانیدا جەختی لەســەرکردوونەتەوە تـەوەری چـینە کۆمەڵایەتیـەکان و ململانێی چینایەتییە، لێکۆڵینەوەکەی لە سەر چینەکان بەیەکێك لەو زیادکردنانە دادەنرێت کە مارکس پێشکەش بـــە سۆســـیۆلۆژیای کـــردووە، وەهـــەروەها بەیـــەکێك لەپێشـــرەوانی ئـــەو سۆسیۆلۆژیســـتانە دادەنرێـــت کـــە بەشـــــێوەیەکی زانســـــتی و شـــــیکاری لـــــە چـــــینە کۆمەڵایەتیـــەکانیان کۆڵیوەتـــەوە (٣٨). مـــارکس بـــاس لەوەدەکات کـەوا مێـژووی مرۆڤایـەتی مێـژووی ململانێـی چـیناتی کۆمەڵایەتییـــە، چـــینە کۆمەڵایەتیـــەکانیش زۆربە ڕوون وئاشکرایی لە کۆمەڵگاسەرەتایی و فیـوداڵی و ســـەرمایەداریەکاندا بونیـــان هـــەبووە، بوونیشـــیان دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری ماتریالی. ئەم فاکتەرە ئەنـدامانی کۆمەڵگا بەسەر دوو چینی دژ بەیەکدا دابەش دەکات، کە ئەوانیش : ئەو چینەی کـە خـاوەن ئامرازەکـانی بەرهـەم هێنـانن لەگـەڵ ئـەو چـینەی کـە خـاوەن هـیچ کـام لـە ئامرازەکـــان نـــین، بـــەڵکوو تـــەنها خـــاوەنی هـــەوڵ و مانـدوبوونی مـرۆیین کـە دەیفرۆشـن بـە چـینی یەکـەم،

مـــارکس بـــۆ ڕاڤـــەکردنی وەرچـــەرخانی کۆمەڵایـــەتی ڕاڤـەکردنێکی مێـژووی ماتریـالی دا پشـتی بەپرەنسـیپی دیالێکتیکی بەستووە، وە دیاردەی چینایەتی کۆمەڵایـەتی بەیەکێك لە گرنگترین ئەو دیاردانـە هـەژمار کـردووە کـە دەبنە هۆی ململانێ و شـۆڕش و وەرچـەرخانی شارسـتانی و کۆمەڵایەتی، چینی کۆمەڵایـەتی لای مـارکس کۆمـەڵێك کەسـن کـە لـە شـێوازەکانی ژیـان و لایەنـە ڕۆشـنبیر و کۆمەڵایەتیەکانـدا هاوشـێوەن بەمـەش جیادەکرێنـەوە لـە چینەکانی تر، وەئـەم شێوازە لەیەکچوانەش دەبنـە هـۆی یەکگرتن و چڕبوونەوەی خەباتیان لە دژی چینەکانی تر بەتایبـەتی ئەگـەر تووشـی زۆر و سـتەم و پەراوێزخسـتن ببنەوە(٣٩).

مـارکس بـاس لـە سیسـتەمە چـینایەتیەکان دەکـات لەجیهانـدا، وە لـەهۆکارەکانی سـەرهەڵدان و ئـەو قۆناغـە مێژووییانـــەی پەرەســـەندنیان دەکۆڵێتـــەوە کـــە پێیـــدا تێپـــەڕبوون، دەڵێـــت: سیســـتەمە چـــینایەتیەکان بـــەهۆی گـــۆڕانی شارســـتانیەت و کۆمەڵگاکانـــەوە لـــە فۆرمێکـــەوە دەگـۆڕێن بـۆ فـۆرمێکی تـر، وە بەتێپەڕینیشـیان بەچـەند قۆنـــاغێکی مێژوویـــیدا مـــۆرکێکی دیـــاری کـــراو و بارودۆخێکی تایبەتی وەردەگرن، لەکۆمەڵگا فیوداڵیەکانـدا کـە کـە لەشارسـتانیەتە کۆنـەکان و شارسـتانیەتەکانی ئـەغریق و ڕۆمانیـادا بـڵاو بـوو، دوو چـینی کۆمەڵایـەتی

بوونیـان هـەبووە، کەئـەوانیش چـینی ئازادەکـان ( The Masters) و چـــینی کۆیلـــەکان (40)(The Slaves).
ئازادەکان خاوەنی کۆیلەکان بوون و لەژێر ڕکێفی ئەوانـدا بــوون، کۆیلــەکان لــەبازاڕی کۆیلــە فرۆشــاندا کــڕین و فرۆشـتنیان پێـوە دەکـرا و خـاوەنی هـیچ سەربەسـتیەك نەبوون جگەلە فەرمان بەرداری و سوپاس گوزاری چـینی ئازادەکان نەبێت، ئـەم دەست بەسـەراگرتن و سـووکایەتی کردنە بـە کەرامـەتی مرۆڤـەوە پـاڵی بەکۆیلەکانـەوەنا بـۆ یـــەکگرتن و یەکیـــەتی دوای دەرکـــەوتنی هۆشـــیاری چـینایەتی لایـان، زۆربـە خێرایـی کۆیلـەکان هەڵسـان بـە شۆڕشـــێکی کۆمەڵایـــەتی لـــەدژی ئازادەکـــان، کـــە ئـــەم شۆڕشــەش بــووە هــۆی ئــازادبوون و ســەربەخۆبوونیان لەژێردەســـتەیی ئازادەکـــان، دوای ڕووخـــانی کۆمـــەڵگای کۆیلایەتی و گۆڕانی بۆ کۆمەڵگایەکی فیوداڵی.

بـەڵام ململانێـی نێـوان ئـەو ئازادانـەی کـە فیکـرە (Thesis) و ئـــەو کۆیلانـــەی کـــە فیکـــرەی دژ (Anti-Thesis)پێـك دەهێـنن بـووە هـۆی ڕوخـان و تێکشـکانی هـەردوو چـینە بەگژیەکداچووەکە، چونکە هـیچ کامیـان نـەیان تـوانی بەسـەرکەوتوویی حـوکمی کۆمـەڵگا بکـەن و بەســەر قەدەرەکانیــدا زاڵــبن. کۆمــەڵگا لــەدوای شۆڕشــی کۆیلەکانـەوە گـۆڕا بـۆ کۆمەڵگایـەکی فیـوداڵی کـەخاوەن زەوی و زارەکان (Land Lords) دەسـەڵاتیان گرتـە دەست

کـە لەکۆمـەڵگای فیوداڵیـدا فیکـرە دروسـت دەکـەن، زۆر بەخێرایی هەر لـەم فیکرەیـەوە فیکـرەی دژ دروست بـوو بـۆ بـەرەنگار بوونـەوەی دەرەبەگـەکان و خـاوەن ئامرازەکانی بەرهەم هێنان کە ئـەوانیش جوتیـاران بـوون (Peasants) (41). کەواتە کۆمەڵگای فیوداڵی لەدوو چینی کۆمەڵایەتی بەگژیەکداچوو پێکدێت کەئـەوانیش: چینی خـاوەن زەوی و زارەکـان و چـینی جوتیارەکـانن، وەلەئەنجامی ئەو ململانێ و دوژمنایەتیە بەردەوامەی کە لەنێوانیانـدا هـەبوو، کۆمـەڵگای فیـوداڵی ڕووخـا کـە لـە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە زۆربەی دەوڵەتـە ئەوروپیەکانـدا هەبوو، وە گۆڕا بـۆ کۆمەڵگایـەکی سـەرمایەداری کـە هـیچ کام لە چینەکانی دەرەبەگ و جوتیاران بوونیان نەما.

بـەڵام کۆمـەڵگای سـەرمایەداریش کـە لـەدایك بـووی کۆمەڵگای فیوداڵیزمە لەسەر هەردوو پیشـەی بازرگانی و پیشەشـازی دامـەزراوە ،بەهـەمان شـێوەی کۆمـەڵگاکانی پێش خۆی دابەش دەبێت بەسـەر دووچینی کۆمەڵایـەتی دژبەیەکدا، کەئەوانیش بریتین لە چینی خاوەن کارەکان (Owners of Production) و چـینی کرێکـاران (Workers)، چـینی یەکـەم خـاوەن ئامرازەکـانی بەرهـەم هێنان و خـاوەنی مەعنەویـەتێکی بـەرز و باڵادەسـتییەکی کۆمەڵایـەتی گـەورەن، لەکاتێکـدا چـینی کرێکـاران تـەنها خاوەن ئەو هەوڵ و کۆششە مرۆییەن کە لە بـازاڕی کـاردا

دەيخەنەڕوو بەرامبەر كرێيەكی كەم كە لەگەڵ ئەو ڕەنج و ماندووبونە ماسولكەيی و عەقڵيەدا ناگونجێت كە بۆ بەرهەم هێنانی شمەكێك دەيدەن، وە خاوەن كارەكان لەكۆمەڵگای سەرمايەداريدا فيكرە و كرێكارەكانيش فيكرەی دژ درووست دەكەن(٤٢). وە بەپێی ئەو ياسا دياليكتيكيانەی كە كۆمەڵگا بەڕێوە دەبەن و قۆناغە شارستانيەكانی داهاتووی دياری دەكەن هەردەبێت كۆمەڵگای سەرمايەداريش بڕووخێت و بگۆڕێت بۆ كۆمەڵگايەكی ئيشتيراكی، هەروەك چۆن بەر لەئەو كۆمەڵگای كۆيلايەتی گۆڕا بۆ فيوداڵيزم، وە ئەويش ڕووخا و گۆڕا بۆ سەرمايەداری، چوونكە گشت كۆمەڵگاكان (كۆيلايەتی، فيوداڵی، سەرمايەداری) تۆوی گۆڕان و ڕووخان و پووكانەوەيان لە خوودی خۆياندا هەڵگرتبوو.

كەواتە بەپێی بيروڕای ماركس فاكتەرە ماترياليەكان دەبنە هۆی دابەشبوونی كۆمەڵگا بۆ دوو چينی كۆمەڵايەتی بەگژيەكدا چوو، لەئەنجامی داڕمانی بارودۆخە ماتريالی و كۆمەڵايەتيەكانی چينی فەرمان بەسەرداكراو و زۆرلێكراو وە ئاڵۆز بوونی كێشە مرۆييەكانی، هۆشياريەكی چينايەتی لەنێوان ئەندامەكانيدا درووست دەبێت، وەك چينی جوتياران لە كۆمەڵگای فيوداڵی و چينی كرێكاران لە كۆمەڵگای

سـرمایەداریدا، دەبێتــە هـۆی یەکیــەتی و پەیوەســتی چینایەتی ئەمەش هێز و چالاکی دەبەخشێت بە چینی فـەرمان بەسـەرداکراو و پـاڵی پێوەدەنێن بـۆ ڕاگەیانـدنی شۆڕش و یـاخی بـوون لـەدژی چینی فـەرمانڕەوا، لێـرەدا ئــەم فۆرمــەی کۆمــەڵگاش دەڕوخێـت و دەگۆڕێـت بـۆ فــۆرمێکی نــوێ کــە هــەڵگری ئــازادی و پێشــکەوتنی کۆمەڵایەتییـە، زیـاتر لـەوەی کـە لـەوەوپێش هـەبووە، مافـەکانی کرێکـار لـە کۆمـەڵگای سـەرمایەداریدا زیـاترە لەمافـەکانی جوتیـار لـە کۆمـەڵگای فیوداڵیـدا وە مـافی جوتیــاریش زیــاترە لــە مــافی کۆیلــە لــە کۆمــەڵگای کۆیلایەتیدا. لەبەرئەوە مارکس بڕوای وایە کە خـەبات و تێکۆشـان ئـەو کلیلەیـە کەیارمـەتیمان دەدات لـە مێـژوو تێبگەین، وە تێگەیشتنیشمان لە مێژوو یارمەتیمان دەدات ئــەو قۆناغانــەی پەرەســەندنی شارســتانی بناســین کــە کۆمەڵگاکان پێیدا تێپەڕ دەبن.

## نامۆبوون و پەیوەندی بە شۆڕش و
## گۆڕانی كۆمەڵایەتییەوە

مـارکس کاتێـك ویسـتی فاکتـەرەکانی کێبـەرکێ و ململانـێ و هـاودژی لـە نێـوان چـینەکاندا ڕاڤـەبکات، چەمکی نـامۆبوونی کۆمەڵـیەتی (Social Alienation) ی لە تیۆرە گشتیەکەیدا بـەکار هێنـا، نـامۆبوون لای مـارکس دیاردەیـــەکی کۆمەڵایەتییـــە کەتیایـــدا مرۆڤـــ هەســـت بەنامۆبوون و دووری دەکات لـەو شـتەی کەدۆزیویەتیـەوە و خزمـــەتی کـــردووە و قوربـــانی لـــە پێنـــاوا داوە(٤٣). بۆنمونە کرێکار هەست بەوە دەکات کە نامۆیە بـە خـاوەن کارەکەی، واتە هەست بە کۆمەڵێك بەربەستی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایـــەتی دەکـــات کەلـــە خـــاوەن کـــاری دادەبـــڕن، هـــەروەها لەبەرامبـــەر ئـــەو شمەکانەشـــدا هەســـت بـــە نامۆبوون دەکات کە بەرهەمی هێناون و دروستی کردوون و هـەوڵ و مانـدووبونی لەگـەڵاداون، بـەڵام هی ئـەو نـین بـــەڵکو هـــی خـــاوەن کـــار یـــاخود خـــاوەن ئامرازەکـــانی بەرهـــەمهێنانن. وە نـــامۆبوونی کرێکـــار تـــەنها لـــە دوورکەوتنـەوەی لـە خـاوەن کار و ئـەو شمەکانـەدا کورت نابێتەوە کەبەرهەمی هێناون، نامۆبوونیشیەتی لـە هـەوڵ و کۆششە خوودی و توانا و بەهرەکانی(٤٤).

کرێکار کە خاوەنی خودی خۆی و هـەوڵ و کۆشـش و توانـا دیـار و شاراوەکانی خـۆی نییـە، وە توانـا و هـەوڵ و

كۆششـەكانی لـە بـازاڕی كـاردا كـڕین و فرۆشـتنیان پێـوە دەكرێت بەرامبەر كرێیەك كە لەگەڵ هەوڵ و ماندوبوون و تواناكانی و ئەو كاتـەدا ناگونجێت كـە لەبەرهەمهێنانـدا سـەرفی دەكـات. بـە تێپـەڕبوونی كـات كرێكـار وا خـۆی دەبینێتەوە كە ئەو هـەوڵ و مانـدوبوون و توانایانـەی كـە لەبەرهەم هێناندا خەرجی كـردوون لـە دژی دەوەسـتنەوە و ئازادیەكانی كۆت دەكەن و ڕۆحی كـاركردن و ئەفرانـدن و داهێنانــەكانی دەكــوژن، چــونكە بەرهــەمی هــەوڵ و كۆششەكانی ناگەڕێتـەوە بـۆ خـۆی بـەڵكو دەگەڕێتـەوە بـۆ خاوەن كار. كرێكار زۆرجار هـەوڵ و مانـدوبوونێك دەدات كە نرخەكەی زۆر لەو كرێ و پاداشتە ماددیـە زیـاترە كـە پێی دەدرێت بەهای ئەو هەوڵ و ماندوبوونەی كە كرێكار لەبەرهــەم هێنــانی شمــەكێكی دیــاریكراودا دەیــدات بەچـەندین دینـار مەزەنـدە دەكرێت بـەڵام كرێكـار تـەنها دوو دینار وەردەگرێت و جیاوازی نێوان بەهای ئەو هەوڵ و ماندوبوونەی كە لە كاردا سەرف دەكرێت لەگەڵ بەهای ئەو كرێیەی كەكرێكارێك وەری دەگرێت نـاو دەبرێت بـە زێدە بەها (Surplus Value) كە دەچێت بۆ سەرمایەداری بەرهەم هێن.

وەبەتێپــەڕبوونی كــات ئــەم زێدەبەهایــە چــەندین ئەوەندەی خۆی زیاد دەكات و وا لە خاوەن كار دەكـات كـە بتوانێت كارگەكە فراوانتر بكات و ڕێژەیەكی زیاتر شمـەك

بەرهەم بهێنێت. لەلایەکی ترەوە دەبینین کە زێدەبەهای کرێکار بەتێپەڕبوونی کات دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی سەرمایە (Accumulation of Capital) لای سەرمایەداری بەرهەم هێن. وە کەڵەکەبوونی سەرمایەش لای بەرهەم هێن لەکۆتاییدا کرێکار بەرەو نامۆبوون دەبات لە بەرهەم هێن، پاشانیش کێبەرکێ و ململانێ لەنێوانییاندا سەرهەڵدەدات(٤٥).

هەروەها مارکس دیاردەی نامۆبوون بەسەر ساسەتیشدا پراکتیزەدەکات و دەڵێت: تاکەکەس دەوڵەت دروست دەکات بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کارەکانی و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی لەگەڵ کەسانی تردا بەدادپەروەری، بەڵام بەخێرایی تاکەکەس هەست بەوەدەکات کە نامۆیە لەو دەوڵەتەی کە لەسەرەتادا خۆی بونیادیناوە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو هێزە یاخود ئەو بۆشاییەی کە تاك لە دەوڵەت جیادەکاتەوە ، وورده وورده تاك لەدەوڵەت دووردەکەوێتەوەو لێی دەترسێت وە بەو هێزەی هەژمار دەکات کە کار و چالاکی و سەربەستیەکانی بەند دەکات(٤٦). بەڵام لەراستیدا بوونی دەوڵەت و چالاکییەکانی لەخزمەتکردنی تاکەکان و چاودێری کردنی کاروبار و تێرکردنی پێداویستی و دابینکردنی خواست و داواکاریەکانیاندا بەرجەستە دەبێت ، لەبەر ئەوە مارکس لەزۆرینەی نووسینەکانیدا

جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نامۆبوون زۆرجار دەبێتە هۆی ململانێی نێوان کەسی نامۆ و ئەو شتەی کە پێی نامۆبووە، ئەم جۆرە ململانێیەش هەمیشە بە شۆڕش و گۆڕانی کۆمەڵگا لە فۆڕمێکەوە بۆ فۆڕمێکی تر کۆتایی دێت.

کەواتە ئەو نامۆبوونەی کە لە بەربەستە ماتریالی و کۆمەڵایەتیەکانی نێوان بەرهەم هێنەران و کرێکاراندا بەرجەستە دەبێت لەکۆمەڵگای پیشەسازیدا، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هۆشیاری چینایەتی لەنێوان ئەو دوو گروپەدا، وەهۆشیاری چینایەتیش ئەو بارودۆخە ماتریالی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریە خراپە دەخاتەوە بیری کرێکاران کە تیایدان. وەلەهەمان کاتیشدا یەکیەتی چینایەتی لەنێوانیاندا قوڵتر دەکاتەوە، ئەو یەکیەتیەی کە پاڵیان پێوەدەنێت بۆ شۆڕش و یاخی بوون لەدژی چینی فەرمان ڕەوا یاخود چینی سەرمایەدار لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا.لێرەدا مارکس لەنامۆبوونەوە کە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هۆشیاری و ڕێکخستن و یەکیەتی چینایەتی، ڕوودەکاتە شۆڕش وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی کەئامانجی گۆڕین و چاکسازییە.

کارل مارکس یەکەم سۆسیۆلۆژیست بوو کە لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی کۆڵیەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی

شـیکاری، ئـەو بـڕوای وابـوو کـە کۆمــەڵگا ناتوانرێـت بگۆڕدرێت بـەرەو باشـتر و چاکتر وە ناتوانرێت لـە زۆر و ستەم و حوکمی کوێرانەی کۆمەڵایەتی ڕزگاربیبێت، تـەنها لەڕێگـەی شۆڕشـی کۆمەڵایەتیـەوە نـەبێت(٤٧). شۆڕشـی کۆمەڵایــەتی لای مــارکس گۆڕانکارییــەکی گشــتیرە کــە سیســتەم و دامــەزراوەکانی ســەرخان و ژێرخــان وێــران دەکـات وپایـەکاتی سیسـتەمی حـوکمیش دەڕوخێنێـت و بەسەر دیکتاتۆریەتدا زاڵدەبێت، ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتیە شـێوەیەی بزوتنەوەیـەکی توندوتیـژ بەخۆیـەوە دەگرێت وەبەو هێزە هەژماردەکرێت کـە دژی دواکـەوتن و تـاریکی و خراپــەکاری و دژی ئــەو دەســتەیە بــەکاردەهێنرێت کەبەرپرســـن لـــە مۆنۆپـــۆڵکردن و تـــاڵانکردن و چەوساندنەوەی دەستەکەی تر.

مـارکس داکـۆکی لەبەرژەوەنـدی و داهـاتووی چـینی کرێکار دەکرد لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا، وەبڕوای وابـوو کە ئەم چینە ناتوانێت لەزۆرداری و دیکتاتۆریەت ڕزگاری بێت و بەتەواوی مافەکانی بگات تەنها لەڕێگەی شۆڕشەوە نـەبێت. شۆڕشـی کرێکـاران یـاخود پرۆلیتاریـا دەتوانێـت کۆمــەڵگا لــەژێر دەســەڵات و جــەور و ســتەمی چــینی ئەرسـتۆکراتی و بۆرجـوازی ڕزگاربکـات. وە دیموکراسـی و دادپــــەروەری کۆمەڵایەتیلەکۆمــــەڵگادا نایەتــــەدی بەوەنەبێت کە چینی پرۆلیتاریا حـوکمی کۆمەڵگابکـەن و

زاڵبن بەسەر یدا، وەمافی ڕەهای سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵگایان هەبێت و بەتەواوەتی زاڵبن بەسەرکارو بارە ناوخۆیی و دەرەکیەکانیدا(٤٨).

بەڵام چینی پرۆلیتاریا لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ناتوانن بەتەنها بەم شۆڕشە هەڵسێت بەهۆی زۆری دوژمنەکانی و دیسپلیننەکردنی و کەمی بیریار و فەیلەسوفەکانی و پسپۆری و ئەزموونە دیاری کراوەکانی و ئیستیغلال کردن و زۆرلێکردن و بریندارکردنی کەرامەتی بۆماوەیەکی دوور و درێژ ، وە نزم بوونەوەی توانا ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی. لەبەرئەوە پێویستە لەسەری کە هەنگاو بە هەنگاو یاخود بەتاکتیکیکی نەك بەستراتیژی لەگەڵ چینی بۆرجوازیە بچووك و گەورەکاندا ڕێك بکەوێت تاوەکو ڕووبە ڕووی چینی ئەرستۆکراتی بوەستێت و بەرژەوەندی و دەسەڵاتی نەهێڵێت. دوای سەرکەوتنی بەسەر ئەم چینەدا و ڕووخاندنی قەوارەکەی، چینی پرۆلیتاریا لەگەڵ چینی بۆرجوازی بچووك ڕێکدەکەون تاوەکو لەدژی چینی پرۆلیتاریای گەورە بوەستنەوە، دوای هەڵسانیان بەم شۆڕشە و سەرکەوتنیان، چینی پرۆلیتاریا بەئاشکرا دوژمنایەتی خۆی بەرامبەر چینی بۆرجوازی بچووك ڕادەگەیەنێت. وە کاتێکیش بەسەریاندا سەردەکەون پرۆلیتاریەکان و ئەو تیۆرسازە کۆمەڵایەتیانەی کە

پشتگیریان دەکەن دەتوانن دیکتاتۆریەتێکی پرۆلیتاری دروست بکەن و حوکمی کۆمەڵگا بکەن و بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدەن(٤٩). لێرەشدا سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگا هەڵدەوەشێنەوە و کۆمەڵگایەکی بێ چین سەرهەڵدەدات کە بەپێی بیروڕای مارکس پرەنسیپەکانی دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن زاڵ دەبێت بەسەریاندا، لەم شێوە کۆمەڵگایەشدا مرۆڤ بە پێی ووزەی خۆی کاردەکات و بەپێی پێداویستی خۆشی شت بەدەست دەهێنێت(٥٠). کەواتە مارکس بڕوای وایە شۆڕش کلیلی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە، وە شۆڕشیش بەبێ بوونی چەند چینێکی هاودژ و ململانێ کەر و بێ بوونی زوڵم و زۆر و گەندەڵی نایەتەدی.

## سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لای مارکس

سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لای مارکس لەو تیۆرە کۆمەڵایەتیە گشتییە و لێکۆڵینەوەی لە پەیوەندی نێوان ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگا و لێکۆڵینەوەی لەبارودۆخ و کێشەی چینەکان بەتایبەتی هەردوو چینی بۆرجوازی و پرۆلیتاریاوە سەرچاوە دەگرێت، مارکس پێناسەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دەکات بەو زانستەی کە لەو بارودۆخ و فاکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتیانە دەکۆڵێتەوە کە کاردەکەنەسەر فیکر(٥١). سۆسیۆلۆژیاش لەگەڵ سەرجەم فیکرە پراکتیکی و جەدەلیەکاندا بە سروشتی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و ئەو قۆناغە شارستانیە مێژووییەوە بەستراون کە کۆمەڵگا پێیاندا تێدەپەڕێت. دەتوانین تێزەکانی مارکس دەربارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بەم چوار خاڵەی خوارەوە دیاری بکەین:

١- فیکر و فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیایانەی کەتاك یاخود گرووپ هەڵی گرتووە پشت بە بارودۆخ و پێدراوە واقیعیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان دەبەستێت.

٢- وانرێت فیکر و ئایدیۆلۆژیاکانی بیریار یاخود نووسەر یان زانایەك بگێڕینەوە بۆ بارودۆخەکانی ژیانی و باکگراوندە مێژووییەکەی.

٣-وانگـە فیکریـەکانی تـاك پشـت دەبەسـتن بەپێگـە کۆمەڵایەتیـەکانیان بەگشـتی و پێگـە چـینایەتیەکانیان بەشێوەیەکی تایبەتی.

٤-رەڕای ئـەوەی کـە بـارودۆخ و پێـدراوەکانی واقیعـی ئـــابووری و کۆمەڵایەتیـــەکانی تـــاك و گرروپـــەکان کاردەکەنەسەر فیکر و بـەها و تێزەکانیـان، بـەڵام فیکـر و هۆشـــیاری کۆمەڵایـــەتی و فەلســـەفە و ئایـــدیۆلۆژیان کاریگـەردەبێت بـە بـارودۆخ و واقیعەکـەیان(٥٢). مـارکس ئـەم فیکرەیـەی لەکۆتاییـەکانی ژیانیـدا بونیادنـا، کاتێـك گەیشـتە ئـەو بڕوایـەی کەئـەو ژیانـە سیاسـی و یاسایی و ڕۆشنبیری و زانستیەی کـە تاکێـك تیایـدا دەژی کاریگـەری و جێدەســـتی خـــۆی لەســـەر واقیعـــە ماتریـــالی و کۆمەڵایەتیـەکانی جێـدێڵێت، وەپەیوەندییـەکی کـارلێکی هەیە لەنێوان واقیعی کۆمەڵایەتی (بارودۆخـە ئـابووری و کۆمەڵایەتیـــەکان) و هۆشـــیاری کۆمەڵایـــەتی (فیکـــر و بیروبـــاوەڕ و پرەنســـیپ و بـــەها و فەلســـەفە و ئـــاین)دا وەهەریەکە لەم فاکتەرانـە یـاخود هێزانـەش کـار لەیـەکتر دەکەن.

پێویستە لێرەدا ئامـاژە بـەوەش بکـەین کـە مـارکس بـڕوای وایـە کـە بارودۆخـە ئـابووری و کۆمەڵایەتیـەکانی گروپێك یاخود دەستەیەك یان چینێك سروشـتی فیکـر و بەها و پەنـدەکانی دیـاری دەکـەن، چـینی کرێکـار بـەهۆی

ئـەو بارودۆخـە ئـابووری و کۆمەڵایەتیـەوە کەهەیـەتی و تایبەتمەندیـەکانی ئـەو قۆناغـە شارسـتانی و مێژوویـیـەی کـە پێیـدا تێپـەڕدەبێت، کۆمـەڵێك فیکـر و بـیرو بـاوەڕ و بەها هەڵدەگرێت جیاواز لەوەی کەچینی ناوەنـد هـەڵیان گرتووە، چونکە چینی ناوەنـد لـەبارودۆخێکی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی وادا دەژیـن کـە جیـاوازە لـە بارودۆخـەکانی چـینی کرێکـار. بـەم شـێوەیە ئـەوە تێبینـی دەکـەین کەپێـــدراو و بارودۆخـــەکانی چـــینێك و پێگـــە کۆمەڵایەتیەکـەی و بەرژەوەندیـەکانی، بڕوابـوون بـەو فیکرە و پرەنسیپ و بەهایانـەی بەسـەردا دەسـەپێنن کـە لـە سروشـتی واقیعـە کۆمەڵایـەتی و ژینگەییەکەیـەوە سەرچـاوەیان گرتـووە(٥٣). وەکاتێـك بـارودۆخی چـینێك باشتر دەبێت و ژینگەکەی دەگۆڕێت ئەوا فیکرو پرەنسیپ و بەهاو فەلسەفەکەشی پێویستە بگۆڕێت. لێـرەدا بـەپێی بیروڕاکانی مارکس هاوسەنگی لەنێوان بارودۆخ و پێدراوە مـادی و شارسـتانیەکاندا لەگـەڵ فیکـرو بـیرو بـاوەڕ و بەهاکاندا دێتە دی.

ئەوەشـی کـە پەیوەسـتە بـە بیریـار یـاخود زانـا یـان نووسـەرەوە مـارکس بـڕوای وایـە کـە فیکـرو تێـز و زیـاد کردنەکانی لە ژینگـە و پێگـە کۆمەڵایـەتی و چینەکەی و ئـەو سـاتە وەختـەی کـە تیـادا دەژی لەگـەڵ بەرژەوەنـدی خـــۆی یـــان بەرژەوەنـــدی چـــینەکەیەوە سەرچـــاوە

دەگرێت(٥٧). لێرەدا مارکس دێتە نـاو بابـەتی حەتمیـەتی واقیعـی مەعریفـەی زانستییەوە کە ڕاڤـەی ئـەو بنچینە بابەتیانــە دەکــات کــە بەرهــەمی زانســتی و ئــەدەبی و حەقیقـەتی فیکـر بەسـەرجەم بـوار و پسپۆریە فـراوان و تەســکەکانیەوە بایــەخی پــێدەدات، بــەڵام حەتمیــەتی واقیعـی فیکـر وەك مـارکس پێمـان ڕادەگەیـەنێت تـەنها کاریگەر نابێ بە فاکتەری وەرچەرخانی مێـژوویی و ئـەو یاسایانەی کە بەڕێوەی دەبەن یاخود بە سروشتی شتەکان و ئەو بونەوەرانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، وەبە هێــزە دیالێکتیکیــە ناوخۆییــەکانیش بــەڕێوە ناچــێت بەڵکو بەتەواوی کاریگەر دەبێت بەو فاکتـەرە واقیعیانـەی کە دەوری جیهان یان کۆمـەڵگا یـاخود بیریـار یـاخود ئـەو ژینگەیان داوە کە تیایدا نەشونما دەکات، کەواتـە فیکـر و تێز و بەرهەمەکانی بیریار تەنها ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگـە و هێـزە بابـەتی و خودییانـەن کـە کاریگـەرە پێیـان، کـە ئەمـــەش بەرجەســـتە بـــوونی پێگـــە چـــینایەتی و بەرژەوەندیـەکانی ئـەو ساتە وەختەیـە کـە تیایـدا دەژی، لەگـەڵ ئەوەشــدا مــارکس بــڕوای وایــە کــە تیــۆرزان و نوێنـــەرانی چـــینە کۆمەڵایەتیـــەکان تـــەنها بـــەو تایبەتمەندیانـە جیاناکرێتـەوە کـە ئـەو چینەی داکـۆکی لێدەکەن هەیەتی، بەڵکو ئەوان بەشـداری فیکـر و بـەها و حاڵەتــە ویژدانیــەکانی چــینەکەش دەکــەن. لەبەرئــەوە

لـەپێناو خزمـەتکردن بـە مەسـەلەکانی و بـەجێهێنانی بەرژەوەندیەکانیدا قوربـانی بـەخۆیان دەدەن، لەبەرئـەوە مارکس دەڵێ زۆرییینەی تیۆرزانـەکانی چینی کرێکاران و سـەرکردە فیکرییـەکانی کۆمـەڵێك ڕۆشـنبیرن کـە بنەچەیەکی بۆرجوازییان هەیـە. مـارکس خـۆی ئەنـدامی چـینی ناوەنـد یـاخود بورجـوازی بـوو بـەهۆی ئـەو باگگراوەندە کۆمەلآتی‌یەی کە خێزانەکەی هـەیبوو وە بـە حـوکمی ڕۆشـنبیری و بەدەسـت هێنانـە زانسـتیەکانی، سەرجەم هەوڵە فیکری و ڕێکخستنە سیاسی‌یەکانی تەنها لە خزمـەتکردن بـە مەسـەلەکانی کرێکاران و باشـکردنی بارودۆخیـان و داکـۆکی کـردن لـە مافـەکانیان و گرتنـە دەسـتی سـەرکردایەتی کردنـی کۆمـەڵگاو دیـاری کردنـی چارەنوس و داهاتووەکەیاندا کورت کردەوە.

لە کۆتایشدا پێویستە لەسەرمان کە بڵێن مـارکس لـە کۆتایی‌یـەکانی ژیانیـدا وازی لـە بەشـێکی ئـەو فیکـرە پـڕ بایەخانەی هێنا کە لـە بـواری سۆسـیۆلۆژیای مەعریفـەدا هەڵی گرتبوون، وە هەندێك فیکرەی نوێی هێنایە ناوەوە کـە ڕۆڵێکـی کارایـان بینـی لـە گەشـە دان بـەم زانسـتەو پەرەدان بە لایەنـە گرنگـەکانی، مـارکس ئـەو فیکرەییـەی لابرد کە بڕوای وابوو مەعریفـە تـەنها کاریگـەر دەبـێ بـە فاکتـەرە ژینگـەیی و ماتریـالی و چـینایەتیەکان، وە ئـەو فیکرەیـەی هێنایـە نـاوە کـە مەعریفـە وەك گۆڕاوێـك

کاردەکاتـــە ســـەر فاکتـــەر و هێـــزە ماتريـــالی و کۆمەڵايەتيەکان. لێرەدا مـارکس و ئـەنگڵزی هـاوڕێی ئـەو شـێوازە نـەرم و نيانـەيان گرتەبـەر کـە بـڕوای وايـە مەعريفە بەسـەرجەم فۆرمـە جياوازەکانيـەوە فاکتەرێکە کاری تێـدەکرێت و کـاريش دەکاتـە سـەر ئـەو فاکتەرانـەی کـە دەوريـان داوە و ئـەو فاکتـەرە چـينايەتيانەش کـە تاکەکان و گروپەکان تێيدا دەژيـن، ئەگـەر ئەمـە دەلالـەت بێت بۆ شتێك ئەوا ئەوشتە ئەوەيە کە بەرهەمی زانستی و ئەدەبی زانا ياخود نووسەر زۆرجار کاريگەردەبێت بـەو بارودۆخە ئـابووری و کۆمەڵايەتيانـەی کە کـەدەوری زانـا يـاخود نووسـەريان داوە، لەلايـەکی تـرەوە بەرهەمـەکانی زانا ياخود نووسـەر پێويسـتە کاريگـەربێت بـە بارودۆخـە ئابووری کۆمەڵايەتی و چينايەتيەکان.

کەواتە سۆسيۆلۆژيای مەعريفـە لای مـارکس جـەخت لەسـەر ئـەو پەيوەنديـە جەدەليـە دەکاتـەوە کـە لـەنێوان فيکـــر و ئايـــدۆلۆژيا و فەلســـەفە و ئـــەو بارودۆخـــە ئابووريانـــەدا هەيـــە کـــە فيکـــر تيايانـــدا گەشـــەدەکات، لەهەمان کاتدا جـەخت لەسـەر ئـەو پەيوەنديـە جەدەليـە دەکاتـەوە کـە کەلـەنێوان بەرهەمـەکانی زانـا و نووسـەر و ئـــەو بارودۆخـــە ئـــابووری و کۆمەڵايەتيانەداهەيـــە کـــە دەوريان داوە.

## هەڵسەنگاندنی فیکری کۆمەڵایەتی لای مارکس

تیۆرە کۆمەڵایەتیەکەی مارکس وەك سەرجەم تیۆرە کۆمەڵایەتیە کۆن و نوێکان خاڵی بەهێز و پۆزەتیف و خاڵی لاواز و نێگەتیڤی هەیە، لێرەشدا پێویستە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی فیکری کۆمەڵایەتی مارکس باس بکەین و شارەزایان ببین، پاشانیش بە بەراوردکردنی لەگەڵ تیۆرە کۆمەڵایەتیەکانی تر بەهای تیۆرە کۆمەڵایەتیەکەی مارکسمان بۆ دەردەکەوێت، دەتوانین خاڵە بەهێزەکانی فیکری کۆمەڵایەتی مارکس لەمانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١. مارکس جەختی کردۆتەوە لەسەر ڕۆڵی فاکتەرە ئابووریەکان لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا، هەروەك چۆن جەختی کردۆتەوە لەسەر گرنگی هۆکارە ماتریالیەکان لە چالاککردن و بەردەوام بوونی دامەزراوەکان و بزاوتی کۆمەڵگاکان و ڕێگەی وەرچەرخانیان لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی تر .

٢. مارکس لەچینە کۆمەڵایەتی و ململانێ چینایەتیەکانی کۆڵیوەتەوە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی زانستی، لەڕێگەی دیاری کردنی چینەکانی کۆمەڵگا و لێکۆڵینەوە لە بارودۆخ و نادیاریەکانی و ڕوونکردنەوەی

چیەتی ئەو فاکتەرانەی کە بەرپرسن لە دانە پاڵی چینایەتی، سەرەڕای ئەوەی کە بەشێوەیەکی زانستی ململانێی چینایەتی بەستۆتەوە بە شۆڕشی کۆمەڵایەتیەوە، لەلایەکی تریشەوە شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەستۆتەوە بە گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە.

٣. مارکس بە پێشەنگی ئەو سۆسیۆلۆژیستانە دادەنرێت کە لە فاکتەرەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دەرئەنجامەکانیان کۆڵیوەتەوە و شۆڕشیان بەستۆتەوە بە داهاتووی کۆمەڵگای مرۆییەوە.

٤. مارکس سووربوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر کۆمەڵگای مرۆیی و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان ـ سیستەم ـ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کەسەرجەم ئەو قۆناغانەی پەرەسەندن لەخۆبگرێت کە کۆمەڵگاکان و سیستەمەکان پیایدا تێپەڕ دەبن، لەم لێکۆڵینەوەیەشەوە مارکس ئەو یاسا گشتگیرانەی هەڵێنجا کە ڕاڤەی ڕەوڕەوەی کۆمەڵگا و سیستەمەکانیان دەکرد، وە مارکس پشتی بە پرەنسیپەکانی فەلسەفەی مێژوو بەست بۆئەوەی بەشێوەیەکی زانستی جەدەلی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بەیەکەوە ببەستێت.

٥. مارکس توانی بەشێوەیەکی زانستی سەرکەوتوو لە بابەتی نامۆبوون بکۆڵێنەوە، ئەو بابەتەی کە مارکس بە بنچینەیەکی دانا بۆ تێگەیشتن لە ململانێی نێوان

هـەردوو چـینی کرێکـار و خاوەنکـار، دەوڵـەت و گـەل، فەرمان ڕەوا و فەرمان بەسـەرداکراو، وەهـەروەها مـارکس دیاردەی نامۆبوونی بەسەر چەندین بواری جیاوازی تـردا پـراکتیزە کرد لەوانە ئـابووری، سیاسـەت، یاسا و ئـاین ... هتد.

ئەمە گرنگترن ئـەو خاڵە پۆزەتیڤانـە بـوون کـە لـە تیۆرەکـەی مارکسـدا هـەبوون، بـەڵام ئـەو لایەنـە نێگەتیف و خاڵە لاوازانەی کە لەتیۆرەکەدا هەن دەتوانین لەم چەند خاڵەدا ڕیزبەندیان بکەین:

١. مـــارکس لـــە گرنگـــی و بایـــەخی فاکتـــەرە ماتریالیەکاندا زیادەڕەوی کرد، سەرجەم شتەکان بـە پلـەی یـەك دەگێڕێتـەوە بـۆ ئـابووری و ڕاڤـەکردنێکی ئـابووری ئەبستراکتی بۆ دەکات، لەم شێوە ڕاڤەکردنـە ئابووریەشـدا فاکتەر و هێزەکانی تر پشـتگوێ دەخـات کـە کاریگـەرییان هەیـە بۆسـەر مرۆڤ و کۆمـەڵگا ، وەك فاکتـەرە ڕۆحـی و بـەهایی و سیاسـی و فەلسـەفی و ئـاینی و یاساییەکان ... هتـد. گشـت دیاردەکـانی کۆمـەڵگا وەك بەرهـەم هێنـان، بـەکارهێنان، بێکـاری، کێبـەرکێ، هاوکـاری، ململانـێ، ڕێککـەوتن و پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی کاریگـەر دەبـن بـە چەندین فاکتەری بەیەکداچوو، نـەك تـەنها بـەو فاکتـەرە ئابووریەی کە مارکس بـە فاکتـەرێکی سـەرەکی هـەژماری دەکات.

٢. ماركس ئەو چینە كۆمەڵایەتیانەی كۆمەڵگا كە لێكۆڵینەوەیەكی ماتریالی مێژوویی جەدەلی لەسەر ئەنجام دان دابەش دەكات بەسەر دوو چیندا، كەئەوانیش چینی كرێكاران و خاوەن كاران لەكۆمەڵگای سەرمایەداریدا، چینی خاوەن زەوی و زار و جوتیاران لەكۆمەڵگای فیودالیدا، هەروەها چینی ئازاد و كۆیلەكان لە كۆمەڵگای كۆیلایەتیدا یاخود لە كۆمەڵگا كۆنەكاندا، دابەشكردنی كۆمەڵگا لای ماركس بۆ ئەم چینانەی، كارئاسانی بوو بۆ حەقیقەتی ئەو چینانەی كە لە كۆمەڵگادا هەن. بەهۆی ئاڵۆزی سیستەمی كاردابەشكردن و زۆری دەستە و ڕەگەزەكانی دانیشتوان لە كۆمەڵگادا، ناتوانرێت ئەندامانی كۆمەڵگای مرۆیی تەنها بەسەر دوو چیندا دابەش بكرێت، بەڵكو دەتوانرێت بەسەرچەندین چین و دەستەدا دابەش بكرێن.

٣. دابەشكردنی چینەكان لای ماركس تەنها پشت بە فاكتەرە ئابووریەكان دەبەستێت و هۆكارە بابەتی و خودیەكانی تر پشتگوێ دەخات كە بەرپرسن لە دانەپاڵی چینایەتی وەك پەروەردە، فێركردن، پیشە، ڕەچەڵەكی خێزان و بكگراوندە كۆمەڵایەتیەكەی، وە هەروەها فاكتەرە خودی و دەرونیەكان وەك دەرككردن، هەڵوێستەكان، یادەوەری، زیرەكی، فێربوون، كەسێتی، هەست و بەرژەوەندی ... هتد.

٤. ئـەو ململانـێ چـینایەتیەی کـە مـارکس باسـی لێـوەکرد تـەنها پشـت بەفاکتـەرە ئابووریـەکان نابەسـتێت بەڵکو پشت بەو فاکتەرە سیاسی و ئایـدیۆلۆژی و بـەهایی و ڕۆشـنبیری و پەروەردەییانـەش دەبەسـتێت کـە مـارکس ئـەو بایەخـەی پـێ نـەدان کـە مـافی خۆیـان بـوو پێیـان بدرێت.

٥. مارکس بەتەنها بایەخی بەململانێی چینایەتی دا و ململانێـی ناسـیۆنالیزمی پشـتگوێ خسـت، چـونکە گـەل تـەنها دیـاردەی ململانێـی چـینایەتی بەخۆیـەوە نابینێـت بـەڵکو دیـاردەی ململانێـی ناسـیۆنالیزمیش بەخۆیـەوە دەبینێـت، وە پەیوەندییـەکی جـەدەلیش لـە نێـوان ململانێـی چـینایەتی و ناسـیۆنالیزمیدا هەیـە کـە مـارکس دانـی پێدانـەنا، گرنگـی نـەدانی مـارکس بـە ململانێـی ناسـیۆنالیزمی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ڕاسـتیەی کـەمارکس دان بـە ناسـیۆنالیزمدا نانێـت، چـونکە بـڕوای وایە کە ناسیۆنالیزم فیکرەیـەکی بۆرجوازییـە و خزمـەت بە دەستەی فەرمان ڕەوا دەکات و دەبێتە هۆی پەرتـەوازە بـوون و دابەشـبوونی گـەل و دروسـت بـوونی ڕق و کینـە لەنێوانیاندا، وەهەروەها بۆتە هۆی هەڵگیرسانی زۆرینـەی ئـەو جەنگانـەی کـە مرۆڤایـەتی بەدرێـژایی مێـژوو بەخۆیـەوە دیـون، ئـەو فیکرانـەی کـە مـارکس گوزارشـتی لێکـردوون دەربـارەی ناسـیۆنالیزم کۆمـەڵێ فیکـرەی

نادروست و شێواون. ناسیۆنالیزم فیکرەیەکی بۆرجوازی نیە وەك مارکس بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵکو ئەو بیروباوەڕ و بزاوتەیە کە ئامانجی کۆکردنەوەی سەرجەم نەتەوە و دروستکردنی یەکیەتییە لە نێوانیان ئەندامەکانیدا، لەپێناو وەستان لەبەرامبەر مەترسی و بەگژداچوونەکان، وەك چۆن ناسیۆنالیزم نابێتە هۆی ڕق و کینە و پەرتەوازەبوون و جەنگە نێودەوڵەتیەکان، بەڵکو بەپێچەوانەوە ناسیۆنالیزم بنچینەی تێك گەیشتن و ڕێزگرتن و گونجانە لە نێوان خەڵکیدا، وەبزوێنەری سەرەکی یەکیەتی گەلە ژێردەستەکانە، ئەو یەکیەتیەی کە توانای ئازادبوون و سەربەخۆبوون و گەشەکردن و پێشکەوتنیان پێدەبەخشن.

٦. مارکس بانگەشەی کرد بۆ شیوعیەت ـ نەتەوە خوازی ـ واتە یەکگرتنی نەتەوە و گەلەکان لە ڕێگەی یەکگرتنی چینی کرێکارانەوە، لەبەرئەوە ووتی "ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن". دژدانەوەمان بۆ ئەم بانگەشەیە ئەوەیە کە نەتەوە و گەلان ناتوانن یەکبگرن و نەتەوەیەك یاخود یەك گەل درووست بکەن، بەهۆی ئەو جیاوازیە زمانەوانی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و شارستانیانەی کە لە نێوان ئەو گەلانەداهەیە، سەرەڕای ئەمەش چینەکانی کرێکاران ناتوانن یەکبگرن تاکو خودی گەلەکان یەك نەگرن.

٧. مارکس بڕوای وایە کە بەهاکانی دیموکراسی و دادپەروەری و پێشکەوتن لە کۆمەڵگایەکدا بڵاو نابنەوە تاکو چینی کرێکاران هەڵنەستن بە پێکهێنانی دیکتاتۆریەتێك کە حوکمی کۆمەڵگا بکات و چارەنووسی دیاری بکات. ڕخنەمان بۆ ئەم بیروڕایەش ئەوەیە کە گواستنەوەی دەسەڵاتی حوکم لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر ناتوانێت کەش و هەوایەکی دیموکراسی و سەربەستی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی فەراهەم بهێنێت، تاوەکو چینێکی دیاری کراو زاڵبێت بەسەر چینەکانی تردا و چارەنووس و داهاتوویان دیاری بکات، ئەی بۆچی مارکس مافی حوکم کردن دەبەخشێت بە چینی کرێکاران و چینەکانی تر لەم مافە بێبەش دەکات؟ وەکاتێکیش مارکس لایەنگری لە چینێك یاخود توێژێك دەکات بەبێ چین و توێژەکانی تر، ئەوا لە دژی ئەو دیموکراسیەت و دادپەروەریە دەوەستێتەوە کە لە نووسین و پەرتووکەکانیدا باسی لێوە دەکات.

٨. مارکس بڕوای وایە کە کۆمەڵگای سەرمایەداری هەردەبێت بڕوخێت و بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەکی ئیشتیراکی، هەروەك چۆن کۆمەڵگای کۆیلایەتی ڕووخا و گۆڕا بۆ کۆمەڵگایەکی فیودالی، وەهەروەها کۆمەڵگای فیودالیش ڕووخا و گۆڕا بۆ کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری، بەلام ڕەوڕەوەی کۆمەڵگاکان ئاماژە بەم گۆڕان و

وەرچەرخانە ناکەن، وەك "کارل پۆپەر" یش دەڵێت: ئاکو ئێستاش کۆمەڵگای سەرمایەداری هەرماوە و هیچ بەڵگەیەکی ماتریالی نییە کە ئاماژە بە وەرچەرخان و گۆڕانی بکات بۆ کۆمەڵگای ئیشتیراکی(٥٥). وە مارکس لەماوەی ژیانیدا پێشبینی ئەوەی کردووە کە تاکو ناوەڕاستی سەدەی بیست سەرجەم کۆمەڵگا سەرمایەداریەکان وەردەچەرخن و دەگۆڕێن بۆ کۆمەڵگایەکی ئیشتیراکی.

٩. مارکس بڕوای وایە کەوەرچەرخانی کۆمەڵگای ئیشتیراکی بۆ کۆمەڵگایەکی شیوعی، پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی پێنج سیستەم هەیە کەئەوانیش سیستەمی سیاسی، سیستەمی سەربازی، سیستەمی ئاینی، سیستەمی خێزانی، سیستەمی ڕۆشنبیری و پەروەردەی وەتەنها پێویستە سیستەمی ئابووری بپارێزرێت (٥٦). دژدانەوەی ئەم فیکرە ئایدیالی و تۆباویانەی کە مارکس خستونیە ڕوو ئەوەیە کە کۆمەڵگای مرۆیی ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕەها دەست بەرداری خێزان و ئایین و پەروەردە و سیاسەت و هێزە چەکدارەکان بێت. ئەگەر کۆمەڵگا خێزانی هەڵوەشاندەوە ئەو لایەنە کێیە کە بەرپرس دەبێت لە منداڵ بوون و بەکۆمەڵایەتی کردنیان و ڕێکخستنی پەیوەندیە سێکسییەکانیان لە کۆمەڵگادا؟. وەئەگەر کۆمەڵگا دەوڵەت هەڵبوەشێنێتەوە کێ کاروباری

هاوڵاتیـــان بـــەرێوەدەبات و دادپـــەروەری لەنێوانیانـــدا فەراهـــەم دەهێنێـــت و خواســـت و پێداویســـتیەکانیان پڕدەکاتەوە و پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان دەوڵەتەکە و دەوڵەتانی تر یاخود لە نێوان کۆمەڵگاکە و کۆمـەڵگاکانی تردا ڕێکدەخات؟. وەئەگەر کۆمەڵگا پـەروەردەو فێرکـردن هەڵبوەشێنێتەوە ئەولایەنـە کێیـە کـە منـداڵان پـەروەردە دەکات و بەزانست و زانیاری دەوڵەمەندیان دەکات؟. وەڵام بـۆ ئـەم جۆرە پرسیارانە ئاسان نین،سەرەڕای ئەمانـەش هەڵوەشـاندنەوەی ئـەم سیسـتەمە کۆمەڵایەتیانـە واتـە هاتنـە خوارەوەی کۆمـەڵگا لـە شارستانیەتەوە بـۆ ئاستی کۆمەڵگای ئاژەڵی، سەرەڕای ئەوەی کە مارکس بڕوای وایە پێویستە ئـایین لـە کۆمـەڵگادا هەڵبوەشـێتەوە، بڕوایـەکی لەم شێوەیەش زیـان بـە پرەنسیپە ڕۆحـی و ئایینیـەکانی مرۆڤــ دەگەیـەنن و پـاڵ بـە مرۆڤـەوە دەنـێن بـۆ بـێ بڕوایـــی و کۆمـــەڵگا بـــەرەو خراپـــەکاری دەبـــەن و ستراکتۆرەکەی دەڕووخێنن و مرۆڤـ دەگۆڕن بە ئـاژەڵێکی ئارەزوبازی بەدڕەفتار.

١٠. ئەگــەر پەرتووکــەکانی مــارکس بخوێنینــەوە دەبیـنین کـە حەقیقـەت و بـەهاکان تێکـەڵ دەکـات، زانـا یـاخود نووسـەری ئەبستراکت پشت بەشـێوازێکی ئـەدەبی بـێ لایـــەن دەبەســـتێت لـــە نووســـین و بەرهەمـــە فیکریەکانیـدا، وەگرنگـی بەوەسـف و شـیکارکردن دەدات،

واتە لەوە دەکۆڵێتـەوە کـە هەیـە نـەك لـەوەی کـە دەبێت چـۆن بێـت، وە سۆسـیۆلۆژیاش وەك بابــەتێکی زانسـتی گرنگی بەوە دەدات کە هەیە بەڵام ئەوەی کە دەبێت چۆن بێت لە پسپۆری فەلسەفە یاخود ئەدەب، یـاخود سیاسـەت و لاهوتــە. مــارکس وەســفی بــارودۆخ و ڕەوشــەکانی کۆمەڵگای سـەرمایە داری دەکـات و ئـەو هێزانـەش دیـاری دەکـات کـە کـاری تـێ دەکـەن، وە ڕێـڕەوە مێژووییەکەشـی دیاری دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هێرش دەکاتە سەر یاساکانی و ڕەخنـە لـە سیستەمەکان دەگرێت لـە بـەها و نـرخی سەرکردە و پیاوەکانی کـەم دەکاتـەوە، بـە زۆردار و ستەم کار و ڕەگەز پەرست تۆمـەتباریان دەکات. وە زیـادە ڕەوی لـە لایەنـە خراپیـەکانی دا دەکـات و باشیەکانیشـی پشــت گــوێ دەخــات ســەرەڕای ئــەوەی کــە هــەموو سیسـتەمێکی کۆمەڵایـەتی لایـەنی بـاش و خراپـی هەیـە. ئەم شێوازەی لێکۆڵینەوە کە مارکس پشتی پێبەستووە و حەقیقـەت و بـەهاکان تێکـەڵ بەیـەك دەکـات، زۆر زانـاو نووســەری هانــدا بــۆ ئــەوەی ڕەخنــە لــە بەرهەمــە زانستیەکانی بگرن و لە نرخیان کەم بکەنەوە.

## ((پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی یەکەم))


1. Coser, L.A Masters of sociological thought, New York, Harcourt Brace, 1977, P.58.
2. Ibid.P.59.
3. Ibid, P.59.
4. Marx and Angles through the Eyes of their Contemporaries, Moscow, Progress Pub-lashers, 1978, P.10.
5. Ibid. P. 11.
6. Ibid. P. 12-13
7. Ibid. P. 13.
8. Ibid. P. 15.
9. Martindale, D. The Nature and types of Sociological theory, Boston, Houghton Mifflin Co. 1981, PP.154-155.

١٠. الحسن ،أحسان محمد (الدكتور) .علم الأجتماع:دراسة تحليلة فى النظريات والنظم الأجتماعية ،بغداد،مطبعة التعليم العالى،١٩٨٨،ص ١٣٥ز

11. Coser, L.A. Masters of sociological thought, P.73.
12. Hook, Sidney .from Hegel to Marx, New York Reynal and hitch cock, 1936, P.20.
13. Hegel, G. Lectures on the Philosophy of History VOI.3, London, 1956.
14. Hook, Sidney .From Hegel to Marx, P.204.
15. Marx, K. Selected writings in sociology and Social Philosophy, A Pelican Book, Middlesex, England, 1967, PP.186-188.
16. Ibid. P.194.
17. Martindale, D. The nature and types of sociological Theory, P.154.

18. Marx, K. Selected writings in Sociology and Social Philosophy, P.44.
19. Ibid. P.45.
٢٠. تيما شيف ،نيقولا.نظرية علم الأجتماع: طبيعتها و تطورها ترجمة محمود عوده و اخرون ، القاهرة ، دار المعارف ،١٩٨٣، ص ٨٦.
21. Marx, K. Selected writings in sociology and - Social Philosophy, PP.57-8.
٢٢. الخشاب ، مصطفى (الدكتور). علم الأجتماع ومدارسه ، الكتاب الثالث ، القاهرة ، مطبعة الأنجلو المصرية ، ١٩٦٦ ، ص ٦١.
23. Marx on Economics, edited by R. Freedman, A pelican Book, Middlesex, England, 1968, P.11.
24. Marx, K. Selected writings in sociology and - Social Philosophy, P.119.
25. Ibid.P.122.
26. Marx, K. and F. angles. Selected Works, Moscow, 1975, P.481.
27. Ibid. P.484.
28. Marx on Economics, edited by R. Freedman, P.234.
29. Ibid. PP.235-236.
30. Ibid. P.3.
31. Ibid. PP.11-12.
32. Hegel, W. Lectures on the Philosophy VOI.3, London, 1956.
33. Marx on Economics, edited by R.freedman, P.146.
34. Ibid.P.234.
35. Marx, K. Selected writings in sociology and - Social Philosophy, P.41.
36. Ibid. P.40.]

37. Schumpeter, J. Capitalism and Democracy, New York, 1957.

٣٨. الحسن ، أحسان محمد (الدكتور). علم الأجتماع: دراسة تحليلة فى النظريات والنظم الأجتماعية ، ص ١٤٠.

39. Marx, K. Selected writings in sociology and - Social Philosophy, P.207.

40. Ibid .P.208.

41. Ibid. P.209.

42. Ibid.PP.210-211.

43. Marx, K: early Writings, translated by T.B bottomore, New York, McGraw-Hill, 1964, P.156.

44. Ibid.PP.124-125.

٤٥. الحسن ، أحسان محمد (الدكتور) .علم الأجتماع: دراسة تحليلة فى النظريات والنظم الأجتماعية ، ص ١٤٠.

٤٦. نفس المصدر السابق ، ص ١٤٠.

47. Marx, K. and F. angles .The socialist Revolution, Moscow, Progress Publishers 1978, P.11.

48. Ibid. P.14.

49. Ibid. P16.

50. Ibid. P21.

51. Coser, L.A. Masters of sociological thought, P.53.

52. Ibid. P.54.

53. Mannheim, Karl. Essays on the sociology of Knowledge, New York, Oxford University Press, 1952, P.143.

54. Marx .K. and F. angles .The German Ideology, New York, international publishers, 1930, P.164.

55. Popper, Karl. The Poverty of Historicism, London, 1956.

56. Marx, Karl selected Writings in sociology and social philosophy, P.250.

# بەشی دووەم
# سۆسیۆلۆژیا لای ماکس ڤێبەر



# کورتەیەک لەژیان و کارەکانی

# ماکس ڤێبەر

ماکس ڤێبەر یەکێکە لەسۆسیۆلۆژیستە ناسراوەکانی ئەڵمانیا، بەڵکو یەکێکیشە لەناودارترین ئەو سۆسیۆلۆژیستانەی کە لەرۆژئاوادا دەرکەوتوون، لەساڵی"١٨٦٤" لە ئەڵمانیا لەدایك بووە و لە زانکۆی ئەوێ خوێندوویەتی دووبڕوانامەی دکتۆرای لەزانکۆی بەرلین وەرگرتووە یەکەمیان لەفەلسەفەدا و لەساڵی "١٨٨٩" لەسەر لێکۆڵینەوەکەی "مێژووی کۆمەڵە بازرگانیەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا"، دووەمیان لەزانستەکاندا و لەساڵی "١٨٩١" لەسەر "مێژووی کشتوکاڵی ڕۆمانی" ئەم بڕوانامەیە ڕێگەی بۆ خۆشکرد کە وەك مامۆستا لەزانکۆی "فریبرك" دابمەزرێ(١). بەهۆی ناوبەنگە زانستی و نووسین و پەرتووکە زانستی و وانەوتنەوە باشەکەیەوە وەك مامۆستا ڕوویکردە زانکۆی "هایدلبرك" پاشان زانکۆی "فرانکفۆرت" و "بەرلین" بابەتەکانی سۆسیۆلۆژیا و مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی دەوتەوە، لەماوەی مانەوەیدا لەزانکۆ توانی چەند پەرتوکێکی گرنگ لەبواری سۆسیۆلۆژیادا بەچاپ بگەیەنێت، بەمەش ڕۆڵی خۆی بینی لەگەشەکردن و جێگیرکردنی تیۆری کۆمەڵایەتی هاوچەرخدا(٢).

گـــرنگترین پەرتووکـــە کۆمەڵایـــەتی و ئابوریەکانیشـــی ئەمانەن:

١. تیۆری دیسپلینی ئابووری و کۆمەڵایەتی.
٢. مێژووی ئابوری لە ئەوروپا.
٣. مێژووی کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا.
٤. میتۆدی زانستە کۆمەڵایەتیەکان.
٥. شار.
٦. مۆراڵی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری.
٧. ئاین لە هیندستان.
٨. ئاین لە چین.
٩. ئاین لە یابان.
١٠. سۆسیۆلۆژیای ئاین.
١١. ئابوری و کۆمەڵگا و ئاین.
١٢. دەسەڵاتە سیاسیەکان.
١٣. چەمکە سەرەکیەکان لە سۆسیۆلۆژیادا.
١٤. ئاراستە سەرەکیەکان لە هزری کۆمەڵایەتیدا.

لەڕێگـەی ئـەم دانـراوە گرنگانـەوە گـەلێك بابـەتی کۆمەڵایەتی چارەسەرکرد و بەڵگەی هێنایەوە بۆ توانستە شیکاری و تێڕوانینە زانستیە کاریگەرەکەی بـۆ دیـاردە و پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان و توانای بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی و بەهاکان لەیەکتر و ڕاست ودروستی میتۆدەکەی و بـاش بەیەکـــەوە بەســـتنی گۆڕاوەکـــان و هـــەڵێنجانی

یاساگشتگیرەکان لەکۆمەلگاو مێژووە کۆن و نوێکەیەوە(٢).

ئەو زیادکردنە فیکری و زانستی و میتۆدیەی کە ماکس ڤێبەر پێشکەش بە سۆسیۆلۆژیای کرد و بونەبەشداریەکی جدی لەگەشەکردن و فراوانکردنی ئاسۆکانی و توانستە شیکاری و توێژینەوەکانی، دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە:

١. لێکۆڵینەوەی لە چەمکی سۆسیۆلۆژیا و تەرزەکانی ڕووداو و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی.
٢. پەیوەندی نێوان ئاین و ئابووری.
٣. میتۆدە زانستیەکەی لەتوێژینەوەو شیکارکردندا.
٤. لێکۆڵینەوەی لە بیرۆکراسیەت.
٥. لێکۆڵینەوەی لەدەسەڵاتە سیاسیەکان.
٦. لێکۆڵینەوەی لە چینە کۆمەڵایەتیەکان و ململانێی چینایەتی.

ئێستا حەزدەکەین بەتێروتەسەلی ئەم تەوەرانە ڕاڤەو شیکار بکەین تاوەکو لە تیۆرە کۆمەڵایەتیەکەی و تێزە سیاسیەکەی و میتۆدە زانستیەکەی و ڕێنماییە کارگێڕی و بیرۆکراسیەکانی تێبگەین وە بەتیۆرەکەی "پەیوەندی نێوان ئاین و ئابووری" ئاشنا ببین، لەکۆتاییشدا تاوەکو دەرك بەوە بکەین کە لەسەر چینایەتی و ململانێی چینایەتی ووتوویەتی.

## چەمکی سۆسیۆلۆژیا و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی

ماکس ڤێبەر لەپەرتووکەکەیدا "تیۆری دیسپلینی کۆمەڵایەتی و ئابوری" پێناسەی سۆسیۆلۆژیا دەکات بەوەی کە "ئەو زانستەیە کە لەڕەفتاری کۆمەڵایەتی تێدەگات و ڕاڤەی دەکات"(٤). مەبەستی ڤێبەر لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گشت ئەو جوڵە و چالاکیە مەبەستدارانەیە کە تاکێك پێیان هەڵدەستێت بە لەبەرچاوگرتنی بوونی تاکەکانی تر(٥). ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوژینگەیە یاخود ئەو ڕوداوانەبێت کە تاکەکەی تێدایە یاخود ئەو کەسانەی کە ناچارن ببنە بکەری کۆمەڵایەتی (The Social Actor)کە بە پرۆسەی ڕووداو یاخود ڕەفتارەکە هەڵدەستێت، ڕەفتاری کۆمەڵایەتیش پشت بەسێ پێوەری سەرەکی دەبەستێت کە ئەمانەن:

أ- بوونی دوو کەس یان زیاتر کە کارلێك لەگەڵیەکدا بکەن و ئەو ڕەفتارە یان ئەو ڕوداوە پێکبهێنن کە دەمانەوێت لێی بکۆڵینەوە.

ب- بوونی چەند ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی یەکسان یاخود جیاواز، ئەو کەسانە بیانگێڕن کە بەڕەفتارەکە هەڵدەستن.

ت- بونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هاوکات لەگەڵ پرۆسەی ڕەفتارەکەدا.

ڕەفتاری تاك لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت بەپێی سروشت و گرنگی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەی کە لەگەڵ ڕۆڵە وەزیفیەکەیدا کارلێك دەکات، بۆنمونە ڕەفتاری مندالْ کە لە قسەو جولەکانیدا بەرجەستەدەبێت بەرامبەر برا منداڵەکەی جیاوازە لە ڕەفتاری بەرامبەر باوکی یاخود دایکی. هەروەها ڕەفتاری خوێندکارێك لەگەڵ خوێندکارەکەی هاوڕێیدا جیاوازە لەڕەفتاری لەگەڵ مامۆستاکەی یاخود بەڕێوەبەری خوێندنگەکەیدا، کەواتە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاك پشت بە سروشتی ئەو ڕۆڵە وەزیفیانە دەبەستێت کە دەیانگێڕێت، دەتوانین بەهۆی زانینی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تاکەوە پێشبینی ڕەفتارەکەی بکەین(٦). ئێمە دەتوانین پێشبینی ڕەفتاری پزیشك یاخود نەخۆش یاخود ئەفسەر یاخود سەربازێك بکەین بەهۆی زانینی ڕۆڵەکانیانەوە.

مەبەستی ڤێبەر لەتێگەیشتن و ڕاڤەکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەو فاکتەرانەیە کە دەبنە پاڵنەری ڕەفتار و تەرزە سەرەکیەکانی. ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ڕەنگە هۆکارەکەی هەست وسۆز یاخود هەڵچوون یاخود دابونەریتی کۆمەڵایەتی یاخود عەقڵ و لۆژیك و زرنگی و دەرککردنی هۆشیارانەبێت. لەبەر ئەوە دەتوانین ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بەپێی فاکتەر یاخود پاڵنەرەکان بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەش بکەین کەئەمانەن:

**١- ڕەفتـــاری کۆمەڵایـــەتی هەڵچـــوو یـــاخود ڕەمەکی(غریزی)**(٧)؛

ڕەفتـــارێکی هەڵچـــوو و ســـۆزدارییە لـــەڕووی هۆ"Means" و مەبەستەوە "End" ەوە. سەرچاوەکەشی ئـەو ڕەمەکـە یـاخود ئـەو سـۆزەیە کـە زۆرجـار هـاودژە لەگـەڵ عـەقڵ و دانـایی و زرنگیـدا وە ئەوەشـی کـە ئـەو ژیانە واقیعیـە بڕیـاری لەسـەر دەدات کـە تاکەکەسی تێدا دەژی. ڕەمـەك ئـەو حـەزە یـاخود ئـەو هەڵمەتـە ئـاژەڵی یـاخود بایۆلۆژیەیـە کـە لەناوچەی نەست "لاشعور" ەوە دەردەچـێت و پـاڵ بەخاوەنەکەیـەوەدەنێت بـۆ کـارکردن لـەپێناو تێرکردنـی داخـوازی و پێداویسـتیە ئـاژەڵی و هەوەسـیەکانی بـەبێ بیرکردنـەوە لـە ئاکـام و ئـەنجامی ڕووداوە ڕەمەکیەکە.

بەپێی بیروڕای پرۆفیسۆر **"مكدوگل**-"McDougall مرۆڤـ ڕەمـەکێکی زۆری هەیـە کـە گرنگترینیـان ڕەمـەکی مولکداری و ترس و ڕاکردن و ڕەمەکی سێکس و ڕەمـەکی خۆبەدەســتەوەدان و ملکەچـی و ڕەمــەکی دایکایــەتی و ڕەمەکی مردن و وێرانکردن و ڕەمەکی زانین .....هتد(٩). بەپێی بیروڕای "فرۆید" ئەم ڕەمەکـە ئاژەڵیانـە دەکەونـە ناوچـەی "**ئــەو** – Id" ەوە. ئـەو ڕەمەکانەشـی کەلـەم ناوچـەیەوە دەردەچـن پـاڵ بەخاوەنەکەیانـەوە دەنـێن بـۆ پێکهێنانی پەیوەندی و کارلێککردن لەگەڵ کەسانی تـرداو

وەڵام دانەوەیان یاخود بەریەککەوتن لەگەڵیاندا لەپێناو تێرکردنـی پێداویسـتی یـاخود پاڵنـەرەکانی. بـەڵام تاکەکـەس بەشـێوەیەکی تـەواوەتی مـل بـۆ پێداویسـتی و پاڵنـەرە ئاژەڵیـەکان کـەچ ناکـات، ناوچـەی "مـن – Ego" کەلـە عـەقڵی دیـار (العقـل الظـاهري) دایـە، زاڵـدەبێت بەسەر پاڵنەرە ڕەمەکیـە نارێك و پێکەکانـداو دیسپلین و خەفەیان دەکات وە ڕێ لەوە دەگرێ کە زەرەر بەمرۆڤـ و کۆمەڵگا بگەیەنن(١٠).

پاڵنەرە ڕەمەکیەکان دەیانەوێت دەرپـەڕن و خواست و پێداویسـتیە ئاژەڵیـەکانیان تێربکـەن، بـەڵام مرۆڤـی ئاسایی بەهۆی بوونی عەقڵی دیارەوە ڕێگە لە دەرپـەڕینی ڕەمەکەکان دەگرێت، ئەم عەقڵە ڕەمەکـەکان دەچەپێنێت و ڕێگـە لەدەرچـونیان دەگرێـت لـەپێناو بەرژەوەنـدی و دڵخۆشی مرۆڤـ و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی کۆمـەڵگادا. بـەڵام ڕەمەکـەکان نـاکۆکی و کێشـە و تەنگوچـەڵەمە بـۆ هەڵگرەکـەیان دروسـت دەکـەن و ئـارامی و خۆشـگوزەرانی ژیانی لێ تێکدەدەن، لەبەرئەوە پێویستە کۆنـترۆڵ بکـرێن و پاڵنـەرەکانیان بەشـێوەیەکی عـەقڵانی ڕووەو هێنانـەدی ئامـانج و خواسـتەکانیان ئاراسـتە بکـرێن. وەك ڤێبـەر ئامـاژەی بـۆ دەکـات ڕەفتـاری کۆمەڵایـەتی ڕەمـەکی لـە ( ناکۆکی و ململانێی نێوان هاوڕێیان و دەوڵـەتان و غـیرە و چاوچـنۆکی و بوختـانکردن و دووڕویـی و نقـوم بـوونی

مرۆڤــ لـە دونیـای بـێ ئـابڕویی و شـێتی و ڕابـواردن و سســـتی و تەمـــەڵی و گوێبەشـــت نـــەدان )دا خـــۆی دەبینێتـــەوە. هــەروەك ئــەم ڕفتــارە ئــەو تاوانانـــەش لــەخۆدەگرێت کەتاکــەکان ئــەنجامی دەدەن وەك دزی و کوشتن و ئەتککردن و ساختەکاری و زەوتکردن.

## ٢- ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تەقلیدی:

ئەم ڕەفتارە لە دابونـەریت و بـەها و پەنـد و مـۆڕاڵی کۆمـــەڵگاوە سەرچـــاوە دەگرێـــت(١١). ئـــەم دیســـپلینە کۆمەڵایەتیە تەقلیدیانە ڕەفتاری مرۆڤــ دیـاری دەکـەن و پەیوەندی بە کەسانی ترەوە ڕێکدەخەن وە وێنەی ئامانج و خواســت و بەرژەوەندیــەکانی دەکێشــن کــە زۆرجــار هاوجوتە لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵگا پشتی پێدەبەستێت و بڕوای پێیەتی. وەتاك ئەم تـەرزە ڕفتـارە هەرلەسـەرەتای ژیانیـــەوە لـــەو دامـــەزراوە و ڕێکخـــراوە ســـتراکتۆریانەوە وەردەگرێــت کــە تێکــەڵ دەبێــت لەگەڵیانــداو کارلێکیــان لەگەڵــدادەکات، وەك خێـــزان، خزمایـــەتی، کۆمـــەڵگای لۆکــەڵی، گروپــی یــاری کــردن، خوێندنگــە، مزگــەوت و کەنیسە....هتد. ئـەم دامـەزراوە و ڕێکخراوانـە تـۆوی ئـەم تەرزە ڕەفتارە لەلای تاك دەچێنن و کاردەکەنـە سـەر ئـەو نمونە تەقلیدیە ئاساییەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ مـــۆڕاڵ و ڕفتـــاری کۆمـــەڵگادا دەگونجێـــت و تەبایـــە

لەگەڵیانـدا، ئـەم مـۆڕاڵ و ڕەفتـارەش نـەوە دوای نـەوە بـەردەوام دەبێـت و بەشـداریەکی چـالاك دەكـات لـە هێنانەدی یەکیەتی کۆمەڵگاو بەهێز کردنیدا. ئـەم جۆرە ڕەفتـارە لـەو سـروتی سـڵاوکردنەدا بەرجەسـتەدەبێت کەتاکـەکان لـەژیانی ڕۆژانەیانـدا مومارەسـەی دەکـەن، هـەروەك چـۆن لـە ڕێ وڕەسمـەکانی جـەژن و بۆنـە نەتـەوەیی و ئـاینی و ئاهەنگـەکانی ژنهێنـان ...هتـد دا بەرجەستەدەبێت.

**٣- ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئاوەزی(عقلی):**

ئـەو ڕفتارەیـە کـە بـە عـاقڵی و دانـایی و لـۆژیکی و زرنگـی و دەرککردنێکـی ژیرانـە بـۆ بـارودۆخ و کێشـەکان جیادەکرێتـەوە(١٢). ئـەم ڕەفتـارە لـە ناوچـەی "**مـن – Ego**" وە دەردەچێت کە گوزارشت لە و چیەتی(ماهیة) و حەقیقەتەی جیهانیدەرەکی و ژیانە کۆمەڵایەتیـە دەکات کە تاکەکان و گروپـەکان تێیـدا دەژیـن. لـەکاتی پـەیڕەوی کردن لەم تەرزە ڕەفتارەشدا بکەری کۆمەڵایـەتی ( Social Actor) لـــەکاتی تێکـــەڵبوونی لەگـــەڵ کەســـانیتر و کـارلێککردنی لەگـەڵ کۆمـەڵگادا پشت بـە زمـانێکی بـاڵا و قسەی ڕێك و پێك و ئەخلاقێکی بەرز و بەڵگە و پاساوی بابەتی دەبەستێت بـۆ ئـەو کردەوانـەی کـە مومارەسـەیان دەکـات. هـەروەك چـۆن بـە نـەرمونیان و لەسـەرخۆ و لێبـوورده و پـاکیزە خـۆی دەردەخـات لـەکاتی گەیشـتنی

بەکەسانی تردا تاوەکو متمانەیان پێی هەبێت و دەستخۆشی لێ بکەن. لێرەدا تاك بەهۆی زیرەکی و تواناکانی و ڕەفتارە باشەکانیەوە دەتوانێت ئامانج و خواستە ڕێگەپێدراو و ڕێگەپێنەدراوەکانی بەدی بهێنێت. وە ئەم تەرزە ڕفتارە کۆمەڵێ پاڵنەر و خواست و ئارەزووی عەقڵی نادیار پڕی دەکەنەوە پاش ئەوەی شێوازەکانی لۆژیك و دانایی و کارامەیی و ژیری بەکاردەهێنێ بۆ هێنانەدی خواست و پێداویستیەکانی تاك کەلە حەز و ئاراستە ڕەمەکیەکانی ناوچەی نەستەوە سەرچاوە دەگرن.

ڤێبەر ئەم تەرزەی ڕەفتار بەپێی هۆ و مەبەست بەسەر سێ جۆردا دابەش دەکات بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەموو ڕەفتارێك هەر چەشنێك بێت هۆ و مەبەسی خۆی هەیە، وەك لەپێشەوە باسمانکرد.

١-ڕەفتاری کۆمەڵایەتی عەقڵی کە خاوەن هۆیەکی عەقڵی و مەبەستێکی ناعەقڵیە(١٣):

مەبەست لە هۆ یاخود مەبەستی عەقڵی ئەو هۆ یاخود مەبەستە ئاکاری و ئابرومەند و ڕێك و پێکەیە کە لەگەڵ ئاکار و ڕێنمایی و نمونە باڵاکانی کۆمەڵگادا دەگونجێن و لەیەك خولگەدا دەسوڕێنەوە. بەڵام مەبەست لە هۆ و مەبەستی نا عەقڵی ئەو هۆ یاخود مەبەستە نائابرومەند و نائاکاریەیە کە هاودژی ڕێنمایی و ئامانج

و کەلـــەپور و نمونـــە باڵاکـــانی کۆمەڵگایـــە و لەگـــەڵیا ناگونجێت. ئـەم جـۆرە ڕفتـارە لـە حاڵـەتی ئـەو بەرهـەم هێنـەرە سـەرمایەدارە قۆرخکارەدا بەرجەسـتەدەبێت کـە ئامرازی میکانیکی هاوچەرخ بەکاردەهێنێت و لە بەرهـەم هێنـــان و دیســـپلینکردندا پشـــت بـــە پســـپۆری زانســـتی دەبەسـتێت لـەپێناو دروسـتکردنی ئـەو کەلوپەلانـەی کـە کۆمـەڵگا پێویسـتی پێیانـە. وە تاکـە ئامـانجی لەبەرهـەم هێنان قازانجێکی ئێجگار زۆر و ئیستیغلالکردنی تاکەکانـە بەتایبـــەت کاتێـــك کـــە نرخێکـــی زۆر بـــەرزیان بەســـەردا دەســـەپێنێت، کەواتـــە هـــۆی ئاکـــاری بەرهـــەم هێنـــان و ئامادەکردنی کەلوپەلی داواکراوە، بەڵام مەبەستی نائاکاری قۆرخکردنی کەلوپەل و ئیستیغلال کردنی تاکەکانە.

٢- ڕەفتـــاری کۆمەڵایـــەتی عـــەقڵی کـــە خـــاوەن هۆیـــەکی ناعەقڵی و مەبەستێکی عەقڵیە:

ئەم جۆرە ڕفتـارە عەقڵیـە لـەڕوی هـۆ و مەبەسـتەوە پێچـــەوانەی جـــۆری یەکەمـــە. ئەمـــەش لـــەو حاڵەتـــەی ســـەرۆك خێزانـــدا بەرجەســـتە دەبێـــت کـــە حـــەزدەکات خانویـــەکی نیشـــتەجێ بـــوون ببێتـــە مـــوڵکی خـــۆی، بـــەڵام نـــەبوونی پـــارەی پێویســـت بـــۆ کڕینـــی ئـــەو خـــانوە پـــاڵی پێوەدەنێـت بـۆ دزینـی ئەوپارەیـە. کەواتـە مەبەسـتەکە ئاکاری و عەقڵانیـە چونکە لـە حـەزی سـەرۆك خێزانـدا بەرجەستەدەبێت بـۆ خاوەنـدارێتی کردنـی خانویـەك بـۆ

خێزانەکەی، بەڵام هۆکە ئاکاری و ئابرومەندانە نیە چونکە لە دزینی پارەدا بەرجەستە دەبێت بۆ کڕین یاخود دروستکردنی خانووەکە.

٣- ڕەفتاری کۆمەڵایەتی عەقڵی کە خاوەن هۆیەکی عەقڵی و مەبەستێکی عەقڵیە:

ئەم جۆرە ڕەفتارە عەقڵیە بە جۆر یاخود ڕەفتاری کۆمەڵایەتی نمونەیی (Ideal Type) ناو دەبرێت (١٤). ڕەفتاری کۆمەڵایەتی نمونەیی ئەو ڕەفتارەیە کە زۆر لە سۆز و لایەنگری و ڕەگەزپەرستی و گرش بوونەوە دوورە، وە ڕفتارێکی بێلایەنە لەڕوی ئامرازەکانی جێبەجێکردن و مەبەستەکانیەوە. ئەم ڕەفتارە لەڕوی ئەو ئامرازەوە کەپێی جێبەجێ دەبێت و ئەو مەبەستە یاخود ئامانجەوە کە هەوڵی بەدی هێنانی دەدات عەقڵانیە(١٥). ئەم تەرزە ڕەفتارەش لە ڕەفتاری ئەو سەربازەدا بەرجەستەدەبێت کە پارێزگاری لە نیشتیمانەکەی دەکات، سەرباز لەکاتی جەنگدا چەك و هونەرەکانی جەنگ بەکاردەهێنێت و ئەو پلانە سەربازیانە پراکتیزە دەکات کەبۆی دانراوە, کەئەمەش هۆی ڕەفتارەکەیە. بەڵام مەبەست لە بەکارهێنانی چەك و پسپۆری جەنگ و پلانە سەربازیەکان سەرکەوتنە بەسەر دوژمندا و پارێزگاری کردنە لەخاکی نیشتیمان, ئەمەش مەبەستێکی عەقڵییە. کەواتە ڕەفتاری سەرباز لەجەنگدا ڕەفتارێکە مۆرکێکی

نمونــەیی ئایــدیالی بــەخۆوە دەگرێــت, هــەروەك چــۆن ڕەفتاری خوێندکارێك لە خوێندنگە یاخود لە زانکۆدا بـە ڕەفتـارێکی نمونـەیی ئایـدیالی دادەنرێـت تـاوەکو هۆکـەی عــەقڵی و ئاکــاری بێــت ( دەوامکردنێکــی ڕێــك و پێــك، کۆششــکردن و هەوڵــدان ) وە مەبەستەکەشــی عــەقڵی و ئاکــاری بێــت ( بەدەســتهێنانی بڕوانامەیــەکی زانســتی، خزمەتکردن بە کۆمەڵگا ).

## کاریگەری ئاین لەسەر ئابوری لەڕوانگەی ڤێبەرەوە

مەبەســـتی مــاکس ڤێبــەر لــەدانانی کتێبــە بەناوبانگەکەیـــدا "ئاکـــاری پرۆتســـتانتی و ڕۆحـــی ســەرمایەداری" بەدڵنیاییــەوە ئــەو ڕۆڵەیــە کــە هۆکـاری ئــاینی و ڕۆحــی دەیگێڕێــت لەپێشــکەوتن و دواکــەوتنی ئابووریدا کە کۆمەڵگا بەخۆیـەوە دەبینێت(١٦). ئـاین لای ڤێبــەر بزوێنــەری ســەرەکی ئــەو چــالاکیە ئــابوری و بەرهەمداریانەیـە کـە کۆمـەڵگا مومارەسـەیان دەکات(١٧). ئەم جۆرە چەمك و دەربڕینانەش تەواو هاودژی فیکرە و ڕێنماییەکانی "کـارل مـارکس" ن، کـە جـەخت دەکاتـەوە لەسەر گرنگی و ڕۆڵی هۆکاری ئابوری لەسەر پێکهاتەکانی ســەرخانی کۆمــەڵگا، وەك پێکهاتــە ئـاینی و بــەهایی و

سیاسی وفەلسەفیەکان. سەرجەم پەرتوکەکانی مارکس بەتایبەت "سەرمایە" ئاماژە بەو رۆڵە کاریگەرە دەکەن کە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و موڵکایەتی دەیگێڕن لە فیکر و ئایدیۆلۆژیا و بەها و نمونە بەرزەکانی تاکەکاندا فیکر و ئایدیۆلۆژیاکان بەهۆی هێزە ماتریالیەکانی کۆمەڵگاوە هەمەچەشن دەبن، ئەگەر هاتوو ئەم هێزانەش گۆڕانیان بەسەرداهات ئەوا لەگەڵیا فیکرە و ئایدیۆلۆژیا و بەهاکانیش دەگۆڕێن. ووتە بەناوبانگەکەی مارکس کە دەڵێت: "ئەوە هۆشیاری کۆمەڵایەتی نییە کە کاردەکاتە سەر واقیعی کۆمەڵایەتی، بەڵکو واقیعی کۆمەڵایەتییە کاردەکاتە سەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی"، رۆڵی هۆکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی روون دەکاتەوە لەسەر فیکر و ئایدیۆلۆژیا و بەهاکان(١٨).

ئەو فیکرە ماتریالیانەی کە مارکس لەماوەی سەدەی نۆزدەدا خستنیە روو کۆمەڵێ پەرچە کرداری دروستکرد، هەندێکیان قبوڵیان کرد و پشتگیریان کرد و هەندێکی تریان بێلایەن وەستان و هەندێکی تریش بەربەرەکانیان کرد و لەدژی وەستانەوە. ماکس ڤێبەر سەر بەو قوتابخانەیەبوو کە سەرکردایەتی بزاڤی دژایەتی کردن و بەربەرەکانی فیکرەی ماتریالی دەکرد کە مارکس لەمیانەی قسەکردنی لەسەر کارلێککردنی نێوان رەگەز و

هێزەکانی کۆمەڵگا و لەسەر ئەو بزاڤی گۆڕان و ناجێگیریەی کە کۆمەڵگا لەماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر بەخۆیەوەدەبینێت.

لەبەرئەوە لەپەرتوکەکەیدا "ئاکاری پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری " مەبەستی بوو دوو خاڵی سەرەکی بخاتە ڕوو: یەکەمیان بەرپەرچ دانەوەی بانگەشە ماتریالیە مێژوویەکەی مارکس. دووەمیان ئاماژەدان بەوەی کە هۆکارە ئاینی و ڕۆحیەکان کاردەکەنە سەر چالاکیە ئابوریەکان، لەڕوی دیاریکردنی ئاراستەکانی بەرهەم هێنان و ئامانجی پلانەکانیەوە(١٩).

ماکس ڤێبەر لەپەرتوکەکەیدا "ئاکاری پرۆتستانتی" دەڵێت مارکس زیادەڕەوی کردووە لە گەورەکردنی هۆکاری مادی و کاریگەری لەسەر بوون و ناجێگیری کۆمەڵایەتی، هەروەك چۆن فرۆید زیادەڕەویی کرد لە گەورەکردنی ڕۆڵی هۆکاری سێکسی لەسەر ڕەفتار و پەیوەندی و شارستانیەتە مرۆییەکان. لەگەڵ ئەمەشدا ماکس ڤێبەر دان بەگرنگی جیهانی ماتریالیدا دەنێت وەك یەکێك لەو هۆکارانەی کە کاردەکەنە سەر پێکهاتە کۆمەڵایەتی و شارستانیەکان. بەڵام بڕوای وایە چەند هۆکارێك هەن کە کاردەکەنە سەر ستراکتۆری کۆمەڵگا و گۆڕانکاریە شارستانیەکانی کە لەڕوی گرنگیەوە لەپێش هۆکاری ماتریالیەوەن، گرنگترین ئەو هۆکارانەش هۆکاری

ئاینی یاخود ڕۆحیە کە ڤێبەر هەوڵیدا لەڕووی ئابوری و شارستانیەوە کاریگەری لەسەر گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا ڕوونبکاتەوە.

ماکس ڤێبەر بڕوای وایە کە سەرمایەداری ئەوروپی لەگەڵ ئەو سیستەمی بەرهەم هێنان و دابەشکردنە پەرەسەندوەی کەهاوەڵی دەکرد لە سەردەمی شۆڕشی پیشە سازیدا، دوای ئەو چاکسازیانە سەری هەڵدا کە "مارتن لۆسەر و کالفن" لە سەدەی شازدەی زاینیدا لە ئەڵمانیا و سویسرا پێی هەڵسان(٢٠). لەم بزاڤەشەوە مەزهەبی پرۆتستانتی دروست بوو، وە کڵێسا پرۆتستانتیەکان لەبەریتانیا و ئەڵمانیا لەدەسەڵاتی پاپای ڕۆما جیابوونەوە کە سەرکردایەتی مەزهەبی کاسۆلیکی جیهانی دەکرد. بەڵام ئایا ڕێسا ئاینیە پرۆتستانتیەکان چۆن کاریان کردە سەر دەرکەوتن و پەرەسەندنی سیستەمی ئابوری سەرمایەداری لەجیهاندا ؟. ڤێبەر لە ئاکاری پرۆتستانتی‌دا بەم شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، مەزهەبی پرۆتستانتی زیاتر لەهەر مەزهەبێك یاخود ئاینێکی تر ڕەچاوی کاروبارە ئابوری و زانستی و بەرهەمداریەکان دەکات، وە ڕێنمایە ئاینیەکانی لۆسەر و کالفن جەخت لەسەر ئەم خاڵانە دەکەنەوە:

١. بڕوابوون بە خوا و بڕوابوون بە ژیانی دوایی کە دوای مردن و زیندوو بوونەوە و حەشرکردن دێت.

٢. دەست پێوەگرتن و بەفیڕۆنەدانی خەرجیەکان.

٣. کۆکردنـەوەی پـارە و گەشـەپێدان و پارێزگـاری لێکردنی و وەبەرهێنانی لەو پـڕۆژە بەرهەمداریانـەدا کـە سودە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکەی بۆ گشتە.

٤. پـاك وخـاوێنی و پەیوەسـت بـوون بـەکاروبارە ئاینیەکانــەوە وەك ڕاسـتگۆیی لەقسـەکردندا و دڵسـۆزی لـەکاردا و خۆشویسـتنی کەسـانی تـر و زیـان نەگەیانـدن پێیان و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی .... هتد.

٥. هانـدانی سـەربەخۆیی تاکـەکان و گەشـەدان بـە توانا و بەهرە کانیان و پێـدانی سـەربەخۆیی بیرکردنـەوە و هـەڵێنجان و گەیشـتنە ئـەنجام بـەبێ دەسـت تێخسـتنی دەسەڵاتی دونیایی و ئاینی لەکاروبارو تایبەتیەکانیاندا.

٦. چـارەنوس و داهـاتوی مرۆڤـــ لەسـاتی لـەدایك بوونیـەوە لەلایـەن خـواوە دیـاری دەکرێـت، هـەر خوایـە بڕیـار لەسـەر ئـەوە دەدات کـە کـێ دەوڵەمەنـد و کـێ هــەژاربێت لــە کۆمـــەڵگادا(٢٢). وەپێویســـتە لەســـەر دەوڵەمەنـدەکانیش کـە پارەکانیـان لـەپێناو خزمـەتکردن بەگشت خەڵکی و پەرەدان بەکۆمەڵگادا بخەنە کار.

بـەپێی بـیروڕای ڤێبــەر پەیوەسـت بـوونی کۆمــەڵگا ئــەوروپی و پرۆتســتانتیەکان بــەم پرەنســیپ و بــەها ئاینیانـــەوە ڕۆڵێکـــی گـــەورەی بینـــی لەســـەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی سیستەمی سـەرمایەداریدا. ئـەم پرەنسیپە

ئاینیانـە کەبانگەشـەیان دەکـرد بـۆ دەسـت پێـوە گرتنـی خەرجیەکان و پارێزگاری کردن لەسەرمایە و گەشەپێدان و وەبـەرهێنانی، وەرچـەرخان بـۆ چـەند مومارەسـەیەکی رەفتاری رۆژانە و بوونە بەرئەنجامێك بۆ کەڵەکە بـوونی سـەرمایە لای چـەند کەسـێك و بـەکارهێنانی لـە پـرۆژەی کشـتوکاڵی و پیشەسـازی و بازرگانیـدا. کـە ئەمـەش بـووە هــۆی هەڵگیرســانی چــەند شۆرشــێکی کشــتوکاڵی و پیشەسـازی لـەو دەوڵەتانـەدا کـە پەیوەسـت بـوون بـە مەزهـەبی پرۆتسـتانتیەوە، بەتایبـەت لـە بـەریتانیا و ئەڵمانیادا. ئـەم شۆرشـانەش توانیـان چـەند گۆرانکاریـەك لەبنچینەکانی بەرهەم هێنان و شێوەکانی کاری کشتوکاڵی و پیشەسـازیدا بەئـەنجام بگەیـەنن، کـە بوونـە هـۆی باشکردنی ئاستەکانی گوزەران و کەڵەکە بـوونی سـەرمایە و پەرەدان بـە چـەندین لایـەنی جیـاوازی ژیـانی کۆمـەڵگا وەك لایـەنی ماتریـالی و رۆحـی، لەبەرئـەوە ڤێبـەر بـرِوای وابوو کە ئەو تاکەکەس و کۆمەڵگایانەی کەپەیوەسـتن بـە پرەنسـیپەکانی پرۆتسـتانتیەوە بـەوە جیادەکرێنـەوە کـە خۆشــــگوزەران و ئاســــانکارن و لــــەروی ماتریــــالی و شارستانیەوە پێشکەوتوون. کەواتـە ئـاین کاردەکاتـە سـەر زانست و ئابووری و بەرهەم هێنان، ئەم راستیەش لەگـەڵ ئەوەدا هاودژە کە مارکس و مارکسیەکان بروایان پێیەتی.

# میتۆدی توێژینەوە و شیکارکردن

# لای ڤێبەر

ڤێبـــەر لەپەرتوکەکەیـــدا "میتـــۆدی زانســـتە کۆمەڵایەتیەکان" ئاماژە بەوە دەکات کە سۆسیۆلۆژیا لە ڕووی نـــاوەرۆك و ڕەهەنـــد و ئامـــانج و میتـــۆدی لێکۆڵینەوەوە تەواو جیاوازە لە زانستە سروشتیەکان(٢٣). توێژەر یاخود پسپۆر لەزانستە سروشتیەکاندا وەك فیزیا و کیمیا و گەردوونناسی بایەخ بەلێکۆڵینەوەی دیاردەکان دەدات لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و پاشانیش هەڵێنجانی یاسا گشتگیرەکان لێیانەوە، وەك سۆسیۆلۆژیستێك بەدوای پاڵنـــەرەکانی دیاردەکـــە و مەدلولـــەکانی و نادیاریـــە سایکۆلۆژی و ڕەفتاریەکانیدا ناگەڕێت. سۆسیۆلۆژیست لەدیاردە و کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان دەکۆڵێتەوە و زیاتر گرنگی بە هۆکار و پاڵنەر و ئەنجام و نادیاریە مرۆیی و ژیاریەکانی دەدات، هەروەك چۆن مەبەستیەتی لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تێبگات و ڕاڤەی بکات، ئەم جۆرە کارانەش بەبێ زانینی عەقڵی دیار و عەقڵی نادیاری بکەری کۆمەڵایەتی و زانینی ئەو هۆکار و هێزە بابەتی و خۆییانەی کە کاری تێدەکەن و ڕێڕەوەکەی لەچەند ئاراستەیەکدا دیاری دەکەن شتێکی مەحاڵە(٢٣). کەواتە لەبەرئەوەی کە سۆسیۆلۆژیا بایەخ بەلێکۆڵینەوەی ئەو دیاردە و کارلێکە کۆمەڵایەتیە ئاڵۆزانە دەدات کە لە

ڕەفتــار و پەیوەنــدی تاکەکانــەوە سەرچـاوەدەگرن. ئــەم ڕەفتار و پەیوەندیانەش لەلایەن هێزەکانی عەقڵی دیار و نادیــار و هێــزە کۆمەڵایــەتی و شارســتانیەکانەوە کاریــان تێــدەکرێت. کەواتــە پێویســتە لەســەر سۆسیۆلۆژیست میتــۆدێکی تایبــەتی بــەکاربهێنێ کــە بگونجــێ لەگــەڵ سروشـــتی زانســـتەکە و لایەنـــە شـــاراوە و ســـنورە ئەکادیمیەکانیــدا، وە ئــەو میتــۆدەی کــە ڤێبــەر لــە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکانیدا بـەکاری دەهێنـێ پشت بـە مەزهــەبی نمونــەیی ئایــدیالی دیــاردە یــاخود ڕوداوە کۆمەڵایەتیەکان دەبەستێت(٢٥). ئەو مەزهەبـە نمونەییـە ئایدیالیـەی کـە مـاکس ڤێبـەر بـڕوای وابـوو پێویستە لـە ڕاڤـەکردنی دیـاردە و کارلێکـە کۆمەڵایەتیـە ئاڵۆزەکانـدا بەکاربهێنرێت، پشت بەلێکۆڵینەوەیـەکی بابـەتی کۆمـەڵگا و دیاردەکــانی دەبەســتێت لێکۆڵینەوەیــەکی بێلایــەنی ئەبستراکت، کەسۆسیۆلۆژیست دەتوانێت لەڕێگەیەوە حـەز و خواست و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆی جیابکاتـەوە لەو حەقیقەتـەی بـوونی کۆمەڵایـەتی کـە سۆسیۆلۆژیست مەبەســتیەتی حەقیقەتەکــەی ڕوونبکاتــەوە و هــەردوو لایەنـە بابـەتی و خۆییەکـەی ڕووتبکاتـەوە(٢٦). ڤێبـەر مەبەسـتی لـە شـێواز یـاخود ڕێگـەی نمونـەیی ئایـدیالی لێکۆڵینـــەوە نیـــە لـــە حاڵـــەتی نمونـــەیی دیاردەکۆمەڵایەتیەکان یاخود دووبارە بوونـەوەیان، بـەڵکو

لێكۆڵینەوەیەتی لێكۆڵینەوەیەكی خۆیی و بابەتی (ذاتی و موضوعی) لەیەك كاتدا، یاخود لێكۆڵینەوەیە لەو هێزە دەرەكیانەی كە كاریگەریان هەیە بۆسەر دیاردەكە، هەروەها لێكۆڵینەوەیە لەناوەرۆك و ڕەگەزە سایكۆلۆژیەكانی.

دوای ئەنجامدانی ئەم شێوە لێكۆڵینەوانە سۆسیۆلۆژیست دەست دەكات بەدارشتنی یاسا و میتۆدە گشتگیرەكان، كە دیاردەیەك یاخود كۆمەڵێ دیاردەی بەیەكەوە بەستراو ڕاڤەدەكەن بەهەردوو لایەنە خۆیی و بابەتیەكانیەوە، لەگەڵ بەكارهێنانی شێوازەكانی هەڵێنجان و گەیشتنە ئەنجام و ئەو شێوازە ئاماریانەی كە پشتگیری دیاردەكان دەكەن و نادیاری و ڕەهەندەكانی بەهێزدەكەن.

یاساو میتۆدەكانی سۆسیۆلۆژیا وەك ڤێبەر ڕاڤەیان دەكات چەند نیشانەیەكی بابەتین بۆ ڕاڤەكردنی سروشت و ئاراستەی ڕەفتاری كۆمەلآیەتی لەڕێگەی تێگەیشتن لە پاڵنەرە سایكۆلۆژی و كاریگەریە دەرەكیەكانیەوە بەپشت بەستن بە ڕێگەی نمونەیی ئایدیالی (Ideal Type).

كەواتە ڕێگەی سۆسیۆلۆژیا لە تەواوكاری و یەكیەتی ئەو گشتاندنە ئاماری و گەیشتنە ئەنجامانەدا بەرجەستە دەبێت كە ڕەفتار ڕاڤەدەكەن و تێی دەگەن بەپشت بەستن بە ڕێگەی نمونەیی ئایدیالی، بەلآم ئەو لێكۆڵینەوە

و توێژینەوە کۆمەڵایەتیانەی کە ڤێبەر پێیان هەڵسا پشت بە زانیاریەکی وردی ئەو ڕوداوە ئابوری و کۆمەڵایەتی و یاساییانە دەبەستن کە کۆمەڵگا ئەوروپیەکان بەخۆیانەوە بینی، وەك لێکۆڵینەوەکەی "ئاکاری پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری" وەهەروەها لێکۆڵینەوەکەی تری "تیۆری دیسپلینی کۆمەڵایەتی و ئابووری". کە پشت بەو داتا و ڕاستیانە دەبەستێ کە پەیوەستن بەو پەرەسەندنە سیاسی و ئاینی و سەربازی و فیکریەی کە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان بەخۆیانەوە بینیوە. بڕوای وابوو کە لێکۆڵینەوەی لە ئاینە ڕۆژهەڵاتیەکان و پەیوەندی بەسروشتی کۆمەڵگاکانەوە ئەمجۆرە لێکۆڵینەوانە ڕوون دەکەنەوە(٢٧).

سۆسیۆلۆژیا لای ماکس ڤێبەر بابەتێکی زانستی ئەبستراکت نیە وەك زانستە سروشتیەکانی فیزیا و کیمیاو گەردووناسی، وە بابەتێکی ئەدەبی ئەبستراکتیش نیە وەك فەلسەفە و ئاین و لاهوت, بەڵکو زانستێکە سەرجەم خەسڵەت و لایەنە زانستی و مرۆییەکان لەیەك کاتدا لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. لەبەرئەوە وەك ڤێبەر بڕوای پێیەتی پێویستە لەسەر سۆسیۆلۆژیا کە ڕێگەیەکی تایبەت بەخۆی بەکاربهێنێ، ئەم ڕێگەیەش ڕێگەی نمونەیی ئایدیالیە کە لەدیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەکۆڵێتەوە لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی ئەبستراکت، وە بوار

نـادات بـە توێـژەر یـاخود سۆسیۆلۆژیسـت کـە حـەز و خواسـت و بەرژەوەندیـە تایبەتیـەکانی خـۆی تێکـەڵ بـە لێکۆڵینەوەکە بکات، وەهەروەها ڕاستی و بـەهاکان لەیـەك جیادەکاتەوە وە لەوە دەکۆڵێتەوە کە هەیە و بایـەخ بـەوە نادات کە دەبێت چۆن بێت(٢٨).

لەهـەمان کاتـدا گرنگـی بـە لێکۆڵینـەوەی دیاردەکـان دەدات لێکۆڵینەوەیەکی خـۆیی و بـەهایی، کەهـەوڵ دەدات بچـێتە نــاو عــەقڵی نادیـاری بکـەری کۆمەڵایەتیــەوە، وەهـــەروەها لـــە پاڵنـــەر و ڕەهەنـــدە ســـایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو ڕوداوە تێبگات کە پێی هەڵساوە.

## بیرۆکراسی

مـاکس ڤێبـەر بەشـێوەیەکی زانسـتی و شـیکاری لـە دیـاردەی بیرۆکراسـیەتی کۆڵیوەتـەوە، وە ئـەم دیاردەیـەی بەهۆکاری سەرکەوتنی ڕێکخراوە بەرهەمداری و بازرگانی و خزمەتگوزاریـەکانی کۆمـەڵگای پیشەسازی هـەژمارکرد کەپشـــت بـــە سیســـتەمی کاردابەشـــکردن و پســـپۆری دەبەســـتێت(٢٩). لەڕێگـــەی سیســـتەمی بیرۆکراســـیەوە سروشـــتی پەیوەندیـــە کۆمەڵایەتیـــەکان دیاریـــدەکرێت بەســـەرجەم شـێوەکانیەوە سـتونی و ئاسـۆیی، ڕەسمـی و نارەسمی. ئەم پەیوەندیانـە کـە خـاوەن ڕۆڵە وەزیفیـەکان لەکاتی ئەنجامـدانی ئەرکەکانیانـدا پێـی هەڵدەسـتن لـەناو

ڕێکخـــــراوە بەرهەمـــــداری و خزمەتگوزاریەکانـــــدا. بیرۆکراســـیەت ئـــەرك و مـــافی گشـــت ئـــەو کرێکـــار و کارمەندانـــە دیـــاری دەکـات کـە لـەو دەزگایـەدا کاردەکـەن، بەرپرســـــیارێتیش لەدەســـــت ســـــەرۆك بەشـــــەکان و بەڕێوەبەری دامەزراوە بیرۆکراسیەکاندا کۆدەبێتـەوە وەك کارگـــە، هـــەروەك چـــۆن پشـــت بـــە سیســـتەمی باشـــی و تەواوکاری و وەزیفی دەبەستێت لە جێبەجێ کردنی کارە دامەزراوەییەکانـــدا(٣٠). دامـــەزراوە بیرۆکراســـیەکان لـــە چەند ڕۆڵێکی وەزیفـی جیـاواز پێکدێن، کـە هـەر ڕۆڵێـك پرۆسـەیەکی بەرهەمـداری دیـاریکراو بـەجێ دەگەیـەنێت بـــەڵام ئـــەم ڕۆڵ و ئەرکـــە لەیـــەك جیاوازانـــە یـــەکتر تەواودەکەن، بەجۆرێك کـە هـیچ ڕۆڵێـك ناتوانێـت دەسـت بەرداری ڕۆڵەکانی‌تر بێت. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کـە بیرۆکراســـیەت دیاردەیـــەکی کۆمەڵایەتییـــە کـــە بـــوون و چالاکیەکەی پشـت بـە پرەنسـیپی هاوکـاری و تـەواوکاری نێوان ڕۆڵەکان دەبەستێت.

دامـەزراوە بیرۆکراسـیەکان لەشـێوەی هـەرەم یـاخود سێگۆشـەیەکدان کـە ڕۆڵ و ئەرکـەکانی بەسـەردا دابـەش دەکرێت، ئەو ڕۆڵانەی کە دەکەونە ترۆپکی سێگۆشـەکەوە ژمارەیان کەمـە بـەڵام بەرپرسیارێتی دەرکردنـی بڕیـار و پــەرەدان بــە دامەزراوەکــە و دیــاری کردنــی ئامــانج و سیاسـەتی دامەزراوەکـە لەئەسـتۆی ئەواندایـە، لەبەرئـەوە

لە رووی بایەخ و چالاکیەوە لە سەروی هەموو ڕۆڵەکانی تری دامەزراوەکەوەن، ئەم ڕۆلانەش سەرۆکی پڕۆژە و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی یاخود بەڕێوەبەرەکان ... هتد لەخۆ دەگرن. بەلام ئەو ڕۆلانەی کە دەکەونە ناوەند "ناوەڕاست"ی سێگۆشەکەوە لە کۆمەڵێ ڕۆڵی کارگێڕی ڕۆتینی پێکدێن کە فەرمانیان لە ڕۆڵەکانی سەرەوەوە بۆ دێت و ئەوانیش دەیگەیەنن بە ڕۆڵەکانی خوار خۆیان، یاخود بە پێچەوانەوە زانیاری لە ڕۆڵەکانی خوارەوە وەردەگرن و دەیگەیەنن بە ڕۆڵەکانی سەرەوە، ئەم ڕۆڵە ناوەندانە مافی بڕیاردان و دەرکردنی ئەو ڕێنمایانەیان نییە کە دامەزراوە بیرۆکراسیەکە لەسەری دەڕوات. ئەم ڕۆلانەش بەڕێوەبەری لق و سەرپەرشتیار و تێبینی کەر و جێگرەکانیان لەخۆدەگرێت.

لە کۆتاییشدا ئەو ڕۆلانەی کە دەکەونە بەشی ژێرەوە "بنکە"ی سێگۆشەکەوە زۆرترین ژمارەی ڕۆڵی دامەزراوەکە لەخۆ دەگرن، ئەم ڕۆلانە فەرمان بەسەرداکراون و بەرپرسن لە جێبەجێ کردنی ڕێنماییە بەرهەمداری و خزمەتگوزاریەکانی پڕۆژەکە.ئەم ڕۆلانەش کرێکار و جوتیار و تایپیست و سەرۆکی کرێکاران ... هتد لەخۆ دەگرن.

سەرجەم ڕۆڵەکانیش بەهۆی دوو جۆر پەیوەندیەوە بەیەکەوە دەبەسترێن، جۆری یەکەم

پەیوەندیـە كۆمەڵایەتیـە ستونیەكان كـە لـەنێوان ئـەو ڕۆڵانـەدا دروسـت دەبێـت كـە چـەند پێگەیـەكی كۆمەڵایـەتی لەیـەك جیـاواز لـەخۆدەگرن لـەڕوی بەرپرسیارێتی و ڕێز وشكۆوە, وەك ئـەو پەیوەندیـەی كە بەڕێوەبەری كارگەیەك بە ئەندازیارێكەوە دەبەستێت وە ئـەو پەیوەندیـەی كـە ئەنـدازیارێك بـە سـەرۆكی كرێكارانـەوە دەبەسـتێت, جـۆری دووەم پەیوەندیـە كۆمەڵایەتیە ئاسۆییەكان ئەوڕۆڵانە بەیەكەوە دەبەستێت كە چەند پێگەیەكی یەكسان و هاوشێوەیان هەیە وەك ئەو پەیوەندیەی كە بەڕێوەبەری بەرهەم دەبەستێت بە بەڕێوەبـەری خۆییـەوە یـاخود ئـەو پەیوەندیـەی كـە ئەندازیارێك دەبەستێت بە ئەندازیارێكی ترەوە, یان ئەو پەیوەندیـەی كرێكارێـك بـەكرێكارێكی تـرەوە دەبەستێت ... هتد.

بیرۆكراسیەت سیستەمێكی زانستی عەقلانیە, پشت بە پرەنسیپی گشتگیری و یاسایی دەبەستێت و بەتـەواوی لەگـەڵ سروشـتی كۆمـەڵگای پیشەسـازی و ڕۆحـی ئـەم سـەردەمەدا دەسـازێت, كـە جیادەكرێتـەوە بەتازەگـەری و گەشەكردن و پسپۆری لەكاردا(٣١). لەبـەر ئـەوە پێویستە لەسـەر ڕۆڵـە وەزیفیـەكان لەدامـەزراوە بیرۆكراسـیەكاندا ئـەم مەرجانـەی خوارەوەیـان تێـدابێت كـەماكس ڤێبـەر لەپەرتوكەكەیـدا "تیـۆری دیسـپلینی كۆمەڵایـەتی و

ئـابورى" جـەخت لەسـەر گرنگيەكـەيان دەكاتـەوە كـە ئەمانەن:

١. گرنگـى و پەسـەندى ڕۆڵـە وەزيفيـەكان لەدامـەزراوە بيرۆكراسـيەكاندا بـەپێى بايـەخى كارەكـە و پلەى بەرپرسيارێتى و وردى بەجێهێنان دەبێت.

٢. كـاركردن لـە پێگـە وەزيفيەكانـدا پشـت بـەلێهاتويى و بـەهرەى زانسـتى دەبەسـتێت نـەك بەرەچەڵەك.

٣. ئەو كەسانەى كەرۆڵە وەزيفيەكان دەخەنە كار لەدامەزراوە كاندا پێويستە چەند كاتژمێرێكى دياريكراو كاربكـەن لەهـەموو ڕۆژێكـدا جگـە لـەڕۆژەكانى پشـووى هەفتانە و وەرزانە.

٤. خاوەن هەر ڕۆڵێك ئەو كارە بەجێ دەگەيەنێت كەلەگـەڵ پێگـە و توانـا و لێهاتوويـە زانسـتيەكەيدا دەگونجێت, وە هـيچ كرێكارێـك يـاخود كارمەنـدێك بـۆى نييـە دەست بخاتـە كـارى كرێكارێك يـاخود كارمەنـدێكى ترەوە تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت كە ئەو دەست تێخستنە لەسەرپەرشتيار و چاودێرەكانەوە دەرچووبێت.

٥. ئـەو كەسـانەى كـە ڕۆڵـە وەزيفيـەكان بەرێوەدەبەن لە دامەزراوە بيرۆكراسيەكاندا خاوەنى هـيچ كام لەو دەزگا و ئامێرانـە نـين كـە كاريـان لەسـەر دەكـەن

وەهــــەروەها خــــاوەنی ئــــەو کــــەل وپەلانــــەش نــــین کەبەرهەمیان هێناون.

٦. گشت ئەندامانی دامەزراوەکە مل کەچ دەکەن بۆ یاسایەك کە ئەرك و ماف و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکانیان ڕێك دەخات.

٧. ئەو کەسانەی ڕۆڵە وەزیفیەکان بەڕێوە دەبەن موچەو کرێیەکیان پێدەدرێت کەلەگەڵ ئەرکە وەزیفی و بەرهەمداریەکانیاندا دەگونجێت.

٨. خاوەن دامەزراوە بیرۆکراسیەکان مافی ئەوەیان هەیە ئەو کارمەند یاخود کرێکارانە دەربکەن و لەسەر کار لایان بەرن کە لێهاتوو و جدی نین لە بەجێهێنانی کارەکانیاندا.

٩. ئەگەر هاتوو کرێکارێك یاخود کارمەندێك کارەکانی بەباشی و بەڕێك و پێکی بەجێ گەیاند ئەوا لەپلەیەکەوە بەرز دەکرێتەوە بۆ پلەیەکی تر .

بــــەڵام بیرۆکراســــیەت کۆمــــەڵێك کــــەڵك و ســــود و لەهەمان کاتدا کۆمەڵێك زیانی هەیە، سودەکانی ئەوەیە کە بەرپرسیارێتی بەجێ گەیاندنی کارەکان دیاریدەکات، یارمــــەتی بەڕێوەبــــەری دامەزراوەکــــە دەدات کــــە بــــە شێوەیەکی ڕێك و پێك زاڵبێت بەسەر دامەزراوەکە و بەڕێوەبردنیدا، وە هەروەها یارمەتی گرتنەبەری ڕێسای کاردابەشــــکردن و پســــپۆری دەدات، کــــە ئــــەم

کاردابەشـکردنەش یارمـەتی دامـەزراوە بیرۆکراسـیەکە دەدات بۆ زیادکردنی بەرهەمەکەی لـە ڕووی چـەندێتی و چـۆنیەتیەوە(٢٤). لـە کۆتاییشـدا سیسـتەمی بیرۆکراسـی بەوە جیادەکرێتەوە کە زانستی و عەقڵانی و یاساییە کـە هاودژە لەگەڵ خودێتی و هەڵچونی و پەیوەندی کەسیدا.

بـــەڵام زیانـــەکانی بیرۆکراســـیەت لـــە مانـــەدا بەرجەستەدەبێت، پەیوەست بوون بە یاساوە بەتـەواوی و بێ گوێدانە حاڵەتـە تایبەتیـەکان و بڕیـاردان لەسـەریان، وە بیرۆکراسـیەت دەبێتـە هـۆی دوا خسـتنی مامەڵـەی هاوڵاتیان و هێۆاشی بەرهەم هێنان و لاوازی هەسـتکردن بـــە بەرپرســـیارێتی لای کارمەنـــدان و کرێکـــاران(٣٥). سەرەڕای نەبوونی بەخشش و جیـاوازی نـەکردن لـەنێوان کرێکـــار یـــاخود کارمەنـــدی چـــالاك و کرێکاری‌یـــاخود کارمەنـــدی ناچـــالاکدا. لەکۆتاییشـــدا بیرۆکراســـیەت لەئـــەنجامی ئـــەو یاســـا بەبەردبوانـــەی کـــە پشـــتیان پێدەبەستێت، وا لە دامەزراوەکە دەکەن کە بـێ تواناپێت لەبەرامبـــەر گەشـــەکردن و پەرەســـەندنی خێـــرادا، وەنـــەتوانێت لەگـــەڵ ئـــەو بارودۆخـــە نوێیانـــەدا خـــۆی بگونجێنێـــت کەدامـــەزراوە بیرۆکراســـیەکە بەخۆیـــەوە دەبینێت.

## دابەشکردنی دەسەڵاتە سیاسیەکان

ماکس ڤێبەر بەپێی سروشتی سیستەمی حوکم و ئەو پاساوانەی کەدەسەڵاتەکە پشتیان پێدەبەستێت لەگەڵ جۆری ئەو پەیوەندیەی کە فەرمانڕەوا و فەرمانبەسەرداکراو بەیەکەوە دەبەستێت، دەسەڵاتە سیاسیەکان لەدونیادا دابەش دەکات بەسەر سێ جۆردا کەئەمانەن:

١. دەسەڵاتی تەقلیدی.
٢. دەسەڵاتی شەرعی-عەقڵی-.
٣. دەسەڵاتی کاریزمایی.

### ١.دەسەڵاتی تەقلیدی:

ئەو دەسەڵاتەیە کەپشت بە هێزی ترادسیۆنە پێشینەکان و کەلەپووری شارستانی و سیاسی کۆمەڵگا دەبەستێت(٣٦). ئەو ترادسیۆن وکەلەپوور و نۆرمە کۆمەڵایەتیانەی کە کۆمەڵگا لەسەریان دەڕوات مافی حوکم کردن و ڕێز و شکۆ و هێز دەبەخشن بە پیاو یان خێزان یاخود هۆز، وە ئەو دەسەڵاتدارەی کە نوێنەرایەتی خێزان یاخود هۆز دەکات دەتوانێت پاساو بۆ لێهاتوویی و دەسەڵاتداری خۆی بهێنێتەوە، وە خێر و خۆشی و خۆشگوزەرانی بەکۆمەڵگا ببەخشێت و خواست و

ئامانجەکانی بهێنێتە دی. حوکم کردنی کۆمەڵگا لەلایەن حاکم و بنەماڵەکەیەوە یاخود لەلایەن خێزانێك یان هۆزێك و ئەندامەکانیەوە بەدرێژایی چەندین ساڵ بۆتە ترادسیۆنێك کە کۆمەڵگا بڕیاری لەسەردەدات و دانی پێدادەنێت و دەخوازێت بەردەوام بێت، بەبێ گوێدانە ئەوەبارودۆخەی کە کۆمەڵگای تێدایە(٣٧). حاکم یاخود دەسەڵاتدارەکان لەم جۆرە دەسەڵاتەدا وەك سومبولی وڵات و نهێنی یەکیەتیەکەی و سەرچاوەی دەسەڵات و پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی وڵات سەیر دەکرێن. لەبەرئەوە پێویستە لەسەر تاکەکان کە فەرمان بەرداری حاکم بکەن و پێگەکەی بەهێز بکەن و پارێزگاری لەدەسەڵاتەکەی بکەن. پێویستە ئەوەش بزانین کە دەسەڵاتی تەقلیدی پشت بەیاسای شەرعی و هەڵبژاردنی دەستووری و کەسێتی فەرمانڕەوا یاخود دەسەڵاتدار نابەستێت، بەڵکو پشت دەبەستێت بەدەست ڕۆیشتن و بەهێزی ئەو داب و نەریت و نۆرمانە ی کە هاوڵاتیان ناچار دەکات فەرمان بەرداری ئەو دەسەڵاتدارە یاخود مەلیکە بکەن کە لەڕێگەی کاریگەری ئەو ترادسیۆن و نۆرمانەوە گەیشتۆتە دەسەڵات کە کۆمەڵگا بڕیاری لەسەرداون. دەسەڵاتە تەقلیدیەکان لەجیهاندا لەسیستەمە مەلیکیەکاندا بەرجەستە دەبێت، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك لەم سیستەمانە مافی هەڵبژاردنی

دەستووری دەبەخشنە تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ دیاری کردنی ئەو حکومەتەی کە نوێنەرایەتیان دەکات و داکۆکی لە مافەکانیان دەکات وەك ئەوەی کە لە بەریتانیا و سوید و دانیمارك و بەلجیکا و ئیسپانیا دا هەیە.

**٢.دەسەڵاتی شەرعی-عەقلی:-**

ئەو دەسەڵاتەیە کە بەڕواڵەت پشت بە پرەنسیپی دەستوری و دیموکراسی دەبەستێت، هێزیش لە وییستی ئازادی خەڵکەوە وەردەگرێت ، وە یاساکانیش لە واقیعی کۆمەڵگا و پێدراوە فیکری و ماتریالیەکانیەوە هەڵدێنجێت(٣٨). لەئەنجامی پەیوەست بوون بە بڕیار و یاسا دانراوەکان و دوورکەوتنەوەی لەخۆیەتی و هەڵچوون و دەمارگیری و پشت بەستن بە بەهاکانی پەیمان بەستن و بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان حاکم یاخود دەسەڵاتدار و ئەندامانی گەلدا(٣٩). یاساوەکانی دەسەڵاتی شەرعی لەوەدا بەرجەستەدەبێت کە گەل خۆی حوکمی خۆی دەکات لە ڕێگەی ڕەخساندنی بواری هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتیان دەکات، ئەو نوێنەرانەش داکۆکی لە مافی گەل دەکەن و کاردەکەن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی و خواستەکانیان، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ئەم نوێنەرانە حکومەت پێکدەهێنن و سەرۆکی ئەو حکومەتەش هەر لەو نوێنەرانە هەڵدەبژێردرێت. دیاری

کردنی حکومەت و سەرۆکەکەی لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی دیموکراسی ئازادەوە خەسڵەتی شەرعیەت بە دەسەڵات دەبەخشێت، وە پشتبەستنی کۆتایش بە شێوەکانی دەسەڵات ؛یاسا و حوکمە بابەتیەکان؛ خەسڵتی زانستی دەبەخشن بە دەسەڵاتەکە، لەبەرئەوەی عەقڵانی بوونی دەسەڵات لەو شێوازە زانستیانەدا بەرجەستە دەبێت کە لە پرۆسەی حوکم کردندا دەیکات بەمیتۆدی خۆی وە شێوازە زانستیەکان لەدەسەڵاتێکدا بەرجەستەنابن کە خەسڵەتی شەرعیەتی لەدەست دابێت، لەبەرئەوە خەسڵەتی شەرعیەت زۆرجار پێویستی بە خەسڵەتی زانستی بوونی دەسەڵات هەیە. دەسەڵاتی شەرعی- عەقڵی- لەو سیستەمانەی حوکمی دستوری جیهاندا بەرجەستە دەبێت کە تیایاندا گەل ڕۆڵێکی گەورە لەوەدا دەگێڕێت کەخۆی حوکمی خۆی بکات. وەك سیستەمی حوکم لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و سویسرا و فنلەندا و ئێرلەندا ... هتد.

**٣. دەسەڵاتی کاریزمایی:**

شەرعیەتی دەسەڵاتی کاریزمایی پشت بەو خەسڵەتە تایبەتیانەی سەرکردایەتی و کەسێتیە سەرنج ڕاکێش و توانا بێ سنورانە دەبەستێت کە سەرکردەیەکی کاریزمایی هەیەتی(٤٠). سەرکردەی کاریزمایی خاوەنی

چەند خەسڵەتێكی سەركردایەتیكردنی تایبەتە كە لایەنگرانی ناچاردەكات مل بۆ دەسەڵاتەكانی كەچ بكەن و بەهیچ شێوەیەك و لەهیچ بارودۆخێكدا لە فەرمانەكانی دەرنەچن، كاریزما زاراوەیەكی كۆمەڵایەتی و سیاسیە بەسەر ئەو خەسڵەتە پۆزەتیڤ و ڕەسەنانەدا دەبڕێت كە سەركردەیەك هەیەتی، كەئەمەش نهێنی كەسێتیەكەی و توانا لەڕادە بەدەرە تایبەتیەكەیەتی بۆحوكم كردن وسەركردایەتی كردن(٤١). ئەوەنەبێت كەئەو خەسڵەتانەی سەركردەی دەسەڵاتێكی كاریزمایی هەیەتی خۆی دەبینێتەوە لە زیرەكی لەڕادەبەدەر و زرنگی كاریگەر و درككردنی ڕاست ودروست و توانای چارەسەركردنی ئەو كێشە و نەهامەتیانەی كە گروپەكە ڕووبەڕووی دەبنەوە، وەهەروەها كمالی عەقڵی ولاشەیی و لێهاتوویی لەقسەدا ... هتد.

كەواتە شەرعیەتی دەسەڵاتی كاریزمایی پشت بەو خەسڵەتە كەسیە تایبەتیانە دەبەستێت كە سەركردەیەك هەیەتی، ئەم جۆرە خەسڵەتانەش والە دۆست و دوژمنەكانی دەكات كە دان بەو لێهاتوویی و دانایی و توانای سەركردایەتی كردن و فەرمان ڕەواییە دا بنێن كە هەیەتی، لەبەرئەوە زۆر بەكوێرانە فەرمان بەرداری دەكەن و پەیوەست دەبن بە فەرمان و ڕێنمایەكانیەوە و پراكتیزەیان دەكەن هەرچەندە توند و ڕەقیش بن، وەك

مـاكس ڤێبــەر بــڕوای پێیــەتی كاریزمـا لای ســەركردە ئەوكاتــە ڕەنــگ دەداتــەوە و دەبێتــە بەشــێك لــە كەسێتیەكەی كـە كۆمـەڵگا لـەو كارەسات و نەهامـەتی و بەربەرەكانیانـە ڕزگاردەكـات كـە توشـیان دێـت، وە ئـەو بەڵێنانـە بـەجێ دەگەیـەنێت كـە بەخـەڵكی دابـوو ئـەو كاتـەی پشـتگیریان كـرد و متمانـەیان پێـداو مـافی حـوكم كردنـی كۆمـەڵگایان پـێ بەخشـی، كاتێـك سـەركردە لـەم چـــالاكیانەدا ســـەركەوتوودەبێت و خۆشـــگوزەرانی و دڵخۆشـی و پێشـكەوتن بـۆ كۆمەڵگاكـەی بـەدی دەهێنێـت گـەل متمانـەی پێـدەدەن، ئـەم متمانەیـەی كـە گـەل بـە سەركردەی دەبەخشێت خەسڵەتە كاریزماییەكانی پتەوتر دەكات بـەجۆرێك كە دەتوانێت بەشێوەیەكی ڕەها و بێ پەیوەسـت بـوون بەیاسـا و شـەرعەوە حـوكمی كۆمـەڵگا بكات، پێچەوانەی ئەمـەش هـەر ڕاسـتە كاتێـك سـەركردە سـەركەوتوو نابێـت لـە بـەدیهێنانی خواسـت و ئاواتـەكانی گەل و لـەو بـەڵێن و پەیمانانـەش پەشـیمان دەبێتـەوە كە بەگـەلی دابـوو ئـەوا سـەركردە لـەو خەسـڵەتە كایزماییـە دادەماڵرێـت كـە هـەڵی گرتبـوو، دوای ئـەوە دەگۆڕێـت بـۆ كەسـێكی ئاسـایی ئـەوتۆ كـە توانـای حـوكم كـردن و ســەركردایەتی كردنــی كۆمــەڵگای نابێــت. دەســەڵاتی كاریزمایی لەو سیستەمانەی حوكمـدا بـەدی دەكرێت كە ئەسكەندەری گـەورە و نـاپلیۆن و هیتلـەر و مۆسـۆلۆنی و

ستالین و گاندی سەركردایەتیان دەكرد هەروەك لای پێغەمبەران و نێردراوانیش بەدی دەكرێت.

## چینە كۆمەڵایەتیەكان و ململانێی چینایەتی لای ماكس ڤێبەر

ماكس ڤێبەر وەك ماركس بڕوای وانییە كە دووچینی كۆمەڵایەتی دژیەك هەن، بەڵكو بڕوای وایە كە چەند چینێكی كۆمەڵایەتی بونیان هەیە كە بوونیان پشت بەچەند پێوەرێكی دیاری كراو و جێگیر دەبەستێت وەك پەروەردەو فێركردن، پیشە، دەرامەت، موڵكایەتی و شێوازی ژیانی ڕۆژانە(٤٢). ئەو چینانەی كە ماكس ڤێبەر لە پەرتووكەكەیدا "تیۆری دیسپلینی كۆمەڵایەتی و ئابووری" وێنەیان دەكێشێت، لە بنچینەدا پشت بەگۆڕاوی پیشە دەبەستن ماكس ڤێبەر بڕوای وایە كە پیشە دانەپاڵی چینایەتی تاكەكان دیاری دەكات، سەرەڕای ئەوەی كە پشت بە پەروەردە و پسپۆری و لێهاتووی و بەهرەمەندی دەبەستێت لە كار و بارە خزمەتگوزاری و بەرهەم داریەكاندا، چەند چینێك بوونیان هەیە وەك چینی سەركردەكان و كارگێڕان و چینی خاوەن كارگەكان و بازرگانەكان و جوتیاران و پیشەوەران و ڕەنجدەران كە لە

فرۆشیاری گەڕۆك و ژینگە پارێز و شۆفێری ئۆتۆمبیل ... هتد دا بەرجەستە دەبێت.

ئەم پۆلێنکردنەی ماکس ڤێبەر بۆ چینە کۆمەڵایەتیەکان، لەو تیۆرەیەوە سەرچاوەدەگرێت کە هەیەتی لەسەر چینە کۆمەڵایەتیەکان، ئەم تیۆرە بڕوای وایە کە هەموو هاوڵاتیەك ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی و وەزیفی دەگێڕێت، ئەم ڕۆڵەش ئەرك و مافی خۆی هەیە بەجۆرێك ئەو مافانەی کە ئەو ڕۆڵە هەیەتی پشت بە سروشتی ئەو ئەرکانە دەبەستێت کە بەجێیان دەگەیەنێت(٤٣). وە چەندێتی ئەو مافە مادی و مەعنەویانەی کە تاکەکەس لەدوای بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی بەدەستیان دەهێنێت پێگە و شوێنگە کۆمەڵایەتیەکەی دیاری دەکەن، وە کاتێکیش پێگە و شوێنگەی کەسێکمان زانی دەتوانین دەستەکەی یاخود چینە کۆمەڵایەتیەکەی بزانین.

خاڵێکی تر هەیە کە ماکس ڤێبەر لە کارل مارکس جیادەبێتەوە ئەویش هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی سیستەمی چینایەتیە، مارکس بڕوای وایە کە هۆکاری ماتریالی فاکتەری سەرەکی دابەشبوونی کۆمەڵگایە بەسەر دوو چینی سەرەکیدا، کە ئەوانیش چینی خاوەن کار "بۆرجوازی" و چینی کرێکار "پرۆلیتاریا" ن لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، لەکاتێکدا کە ماکس ڤێبەر بڕوای وایە کەپۆلێنکردنە چینایەتیەکان لە

کۆمەڵگادا ناگەڕێتەوە بۆ یەك هۆکار، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك گرنگترینیان پەروەردە و فێرکردن، پیشە، دەرامەت، نازناوی خێزان و پلەبەندیە کۆمەڵایەتیەکەی ... هتد. سەرەڕای ئەو هۆکارە سایکۆلۆژیەی کەدەبێتە هۆی جیاوازی و هاودژی کۆمەڵایەتی.

بەڵام ململانێی چینایەتی(Class Conflict) لای ماکس ڤێبەر لەنێوان چینەکاندا ڕوونادات بەڵکو لەنێوان ڕۆڵە کۆمەڵایەتیە وەزیفیەکاندا ڕوودەدات.ململانێ لەنێوان چینی ناوەند و چینی کرێکاراندا ڕوونادات وەك مارکس بانگەشەی بۆدەکات، بەتایبەت کاتێك کە ئەو سنوورە کۆمەڵایەتی و ماتریالی و سایکۆلۆژیانە ڕون و ئاشکرا نەبن کە چینەکان لەیەك جیادەکەنەوە بەهۆی هۆکاری بزاوتی کۆمەڵایەتیەوە (Social Mobility) وە هەروەها بەهۆی باش بوونی بارودۆخی ڕۆشنبیری و ماتریالی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکارانەوە، وەهەروەها بڵاوبوونەوەی شارستانیەت و پیشەسازی و گەشەکردنی گشتی لەکۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا. ململانێی چینایەتی وەك ماکس ڤێبەر بڕوای پێیەتی لە نێوان ئەندامانی یەك چیندا ڕوودەدات بەمەبەستی گەیشتن بە پێگە سەرکردایەتی و هەستیارەکان(٤٤). وەك ئەو ململانێیەی کە لەنێوان کرێکاران یاخود لەنێوان ئەفسەران یان لەنێوان پزیشکاندا هەیە بۆ گەیشتن بە پێگە پیشەییە باڵاکان. ئەم ململانێیە

لەنێوان چینە جیاوازەکاندا وەك چینی کرێکار و ئەندازیار ڕوونادات، چونکە کرێکار ناتوانێ کێبەرکێ لەگەڵ ئەندازیارێکدا بکات بە هۆی ئەو جیاوازیە پیشەیی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ماتریالیە گەورەیەی کە لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام ئەو کرێکارە دەتوانێت لەگەڵ کرێکارانی تردا کێبەرکێ بکات بۆ گەیشتن بە پلەی سەرۆککار، بەهەمان شێوە بەنسبەت پیشەوەرەکانی تریشەوە.

پێویستە لێرەدا ئەوەش باس بکەین کە ماکس ڤێبەر بەهۆی نەخۆشی و پاشان مردنیەوە لە ساڵی "١٩٢٠" دا نەیتوانی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر ستراکتۆری چینایەتی لەکۆمەڵگادا تەواو بکات، تێبینیەکانی لەسەر چینە کۆمەڵایەتیەکان کە گوزارشت لە فیکرەکانی دەکەن زۆرکەمن و تێروتەسەل نین، وەهەروەها باس لە بزاوتی کۆمەڵایەتی ناکەن و ستراکتۆری چینایەتی نەبەستۆتەوە بە ستراکتۆری کۆمەڵایەتیەوە، وە سود و زیانەکانی چینایەتی دیاری نەکردووە و لەو پەیوەندەیە کارلێکیەی نەکۆڵیوەتەوە کە لە نێوان ژینگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتیدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا توێژەر دەتوانێت لەڕێگەی تیۆرە کۆمەڵایەتیە گشتیەکەیەوە کە مۆرکێکی زانستی و بابەتی و عەقڵانی و گشتگیری هەلگرتووە لە بیروبۆچوونە چینایەتیەکانی تێ بگات.

## ((پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی دووەم))


1. Martindale, D. The Nature and Types of Sociological Theory, Boston, Houghton Mifflin Co, 1981, p. 375.
2. Ibid, p. 376.
3. Coser, L. masters of Sociological Thought, New York, Harcourt Brace, 1977, p. 244.
4. Weber, Max. The Theory of Social and Economic Organization, New York, the Free Press, 1969, p. 88.
5. Ibid, p. 89.
6. Parsons, T. and E. Shills. Toward A General Theory of Action, Cambridge, Harvard University, Press, 1952, p. 19.
7. Weber, Max. The Theory of Social and Economic Organization, p. 90.
8. Mc Dougall, W. Character and the Conduct of life, London, Methuen, 1949, p. 10.
9. Mc Dougall, W. An Introduction to Social Psychology, London, Methuen, 1947.
10. Munn, N. L. Psychology; the Fundamentals of Human Adjustment, London, George Harrap, 1961, p. 302.
11. Weber, Max. The Theory of Social and Economic Organization, p. 116.
12. Ibid, p. 117.
13. Ibid, p. 119.
14. Ibid, p. 13.
15. Ibid, p. 14.
16. Zanden, J. Sociology, New York, John Wiley and Sons, 1979, p. 463.
17. Weber, Max. The Protestant Ethics and the Spirit of Capitalism, New York, 1961, see the Introduction.
18. Marx, K. Selected Writings in sociology and Social Philosophy, A Pelican book, Middlesex, England, 1967, p. 39.
19. Zanden, J. Sociology, p. 464.
20. Ibid, p. 464.
21. Ibid, p. 465.
22. Ibid, p. 465.

23. Coser, L. masters of Sociological Thought, p. 219.
24. Shills, E. and H. finch, Max Weber on the Methodology of the Social Sciences, New York, the Free Press, 1949, p. 72.
25. Ibid, p. 73.
26. Coser, L. masters of Sociological Thought, p. 221.
27. Ibid, p. 222.
28. Ibid, p. 223.
29. Ibid, p. 230.
30. Bendix, R. Max Weber; an Intellectual Portrait, New York, Doubleday, 1960, p. 421.
31. Coser, L. masters of Sociological Thought, p. 232.
32. Bendix, R. Max Weber; an Intellectual Portrait, p. 293.
33. Ibid, p. 294.
34. Ibid, p. 294.
35. Coser, L. masters of Sociological Thought, p. 421.
36. Weber, Max. The Theory of Social and Economic Organization, p. 130.
37. Ibid, p. 130.
38. Ibid, p. 131.
39. Ibid, p. 131.
40. Ibid, p. 132.
41. Ibid, p. 132.
42. Garth, H. and C. W. Mills. Max Weber; Essays in Sociology, New York, Oxford University, Press, 1946, p. 181.
43. Ibid, p. 184.
44. Coser, L. masters of Sociological Thought, p. 229-230.

## پێرست

**بەشی یەکەم: سۆسیۆلۆژیا لای مارکس** ٧
کورتەیەك لە ژیان و کارەکانی ٩
ئەو هێزانەی کە کاریان کردۆتە سەر فیکری مارکس ١٤
چەمکی سۆسیۆلۆژیاو زانستە کۆمەلأیەتیەکان لای مارکس ٢٠
بنەچەی سەرهەلدانی کۆمەلگاو دەولەت لای مارکس ٢٥
ڕاڤەکردنێکی ئابووریانە بۆ کۆمەلگا و مێژوو ٣٢
چینایەتی و ململانێی چینایەتی لای مارکس ٣٩
نامۆبوون و پەیوەندی بە شۆڕش و گۆڕانی کۆمەلأیەتیەوە ٤٥
سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لای مارکس ٥٢
هەلسەنگاندنی فیکری کۆمەلأیەتی لای مارکس ٥٨
پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی یەکەم ٦٨
**بەشی دووەم: سۆسیۆلۆژیا لای ماکس ڤێبەر** ٧١
کورتەیەك لەژیان و کارەکانی ڤێبەر ٧٣
چەمکی سۆسیۆلۆژیا و ڕەفتاری کۆمەلأیەتی ٧٦
کاریگەری ئاین لەسەر ئابووری لەڕوانگەی ڤێبەرەوە ٨٥
میتۆدی توێژینەوە و شیکارکردن لای ڤێبەر ٩١
بیرۆکراسی ٩٥
دابەشکردنی دەسەلأتە سیاسیەکان ١٠٢
چینەکۆمەلأیەتیەکان و ململانێی چینایەتی لای ڤێبەر ١٠٨
پەراوێز و سەرچاوەکانی بەشی دووەم ١١٢

ئەم نامیلکەیە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:
بەشی پێنجەم و نۆیەم لە پەرتووکی
رواد الفكر الأجتماعي
تأليف: د. احسان محمد الحسن
الطبعة الأولى
مطبعة دار الحكمة.
بغداد ـ ١٩٩١